# دەقی ڕەشنووسی دەستووری هەمیشەیی پێشکەشکرا و بە کۆمەڵەی نیشتمانی

ئێمەین ڕۆڵەی دۆڵی ڕافیدەین شوێن و نیشتمانی پێغەمبەران و وێستگە و نزرگە و ئارامگەی پێشەوا پاکەکان و پێشەنگەکانی شارستانی و دانەرانی نووسین و لانەی خاڵبەندی، لەسەر زەوی یەکەماندا یەکەم یاسا دانرا لە لایەن مرۆڤەوە، لەم نیشتمانەشماندا کۆنترین و باڵاترین سەدەی دادپەروەری داڕێژراو نووسرایەوە بۆ سیاسەتی وڵاتەکان، لەسەر خاک وخۆڵیشماندا هاوەڵان و پیاو چاکان نوێژیان کرد، فەیلەسوف و زانایان تیۆر ومیتۆدیان داناو، ئەدیب و شاعیرەکانیش داهێنانیان کرد.

لە هەست کردن و دەربڕینی ئەو ماف و منەتانەی کە خوای گەورە هەیەنی بەسەرمانەوە، بەدەمەوەچونی بانگەوازی نیشتمان و هاوڵاتییەکانمان، بۆ وەڵامدانەوەی بانگەشەی سەرکردە ئاینی و نیشتمانییەکانمان، سوربونی مەرجەعە بەڕێز و گەورە و سەرۆک و چاک ویستان و خێرۆمەندەکانمان، لە نێو پاڵپشتی و پشتگیریەکی جیهانی لە خۆشەویستانمان، بۆ یەکەم جار لە مێژووماندا بە ملیۆنەها کەس ڕوومان کردە سندوقی هەڵبژاردنەکان، بە پیاو ئافرەت و گەنج و پیرەوە لە ٣٠کانونی دووەمی ٢٠٠٥دا، بیرمان دەهاتەوە و باسمان دەکرد ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی داپڵۆسینی ئاینەگەری لە لایەن دڕندە و دابڵۆسێنەرو پیاوکوژەکانەوە دژ بە زۆرینەی خەڵک، بیر هێنانەوەی کارەساتی شەهیدانی عێراق لە شیعە وسوونە، عەرەب و کورد وتورکمان، لە گەڵیاندا براکانی دیکەمان لە هەموو پێکهاتەکان، سروشگرتنی ڕۆحی شارە پیرۆزەکان لە ڕاپەڕینی شەعبانیدا، هۆر و شوێنەکانی دیکەش. هێنانە گۆی ئەشکەنجە و سزا کانی داپڵۆساندن و سەرکوت کردنی نەتەوەیی لە کارەسات و قەسابخانەی هەڵەبجە و بارزان و ئەنفال و کوردە فەیلیەکان، نیگاگرتنی بە ئازار و ناڕەحەتی تورکمانەکان لە بەشیردا، گرفت و قەیرانی دانیشتوانی(هاوڵاتیانی) ناوچە ڕۆژئاواییەکان ئەوانەی کە تیرۆریستەکان و هاوپەیمانەکانیان هەوڵیاندا بۆ ئەوەی بیانکەنە دەست بەسەر و بونە ڕێگر لە بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردنەکان و دامەزراندنی کۆمەڵگەی ئاشتی و برایەتی و هاوکاریکردن بۆ ئەوەی عێراقێکی نوێ دروست بکەین.

عێراقێکی داهاتوو، بێ دەنگۆو نەعرەی تایفەگەری، نە نەزعەی دەمارگیری و نە گرێی ناوچەگەری، و نەجیاوازی و جودایی، و نە لە ناوبردن و نە تێرور نە تەکفیر نوانیان ببنە ڕێگر و ڕێگەمان پێی بگرن بۆ ئەوەی بەرە و پێش هەنگاو بنێن بۆ دامەزرادنی دەوڵەتی یاسا، و نە تایفەگەری و دەمارگیری نەیانوەستاندین لەوەی کە پێکەوە هەنگاو بنێن و بڕۆین بەرەو پتەو کردنی یەکڕیزی نیشمانی. و گرتنبەبەری ڕێگای گۆڕینەوەی ئاشتیانە بۆ دەسەڵات. و دانانی شێوازێکی دادوەرانە بۆ دابەشکردنی سامانەکان و بوار بدرێتە هەمووان بەهاوشانی.

ئێمەی گەلی عێراق راجلەکیوو سەرهەڵدان لە نووستویی و سەرکوت کردن بە متمانەوە دەڕوانینە داهاتوی لە ڕێگەی سیستەمێکی کۆماری ئیتحادی دیموکراتی فرەییەوە، بە پیاو و ئافرەت و بیرو لاوانەوە پێکەوە سوور و توندن لەسەر ڕێزگرتنی بنەماکانی یاسا، و دوور کەوتنەوە و فڕێدانی سیاسەتی دوژمنکارانەو گرنگیدان بە ئافرەت و مافەکانی، وگرنگیدان بە بیرو ئاوات و خواستەکانی(ئازار و بێزارییەکانیەوە، بە منداڵ و کاروبارەکانییەوە، بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری جۆرایەتی، و نەهێشتن و لە ناوبردنی تۆوی تیرۆر.

ئێمەی گەلی عێراق سوێندمان خواردووە لە سەر خۆمان بە هەموو پێکهاتە و تایفەکانەوە(لایەنەکانەوە) کە بە ئازادی و بە ویستی خۆمان بڕیاری یەکگرتووی و ئیتحادیمان داوە، دوێنێ ببێنە پەند و ئامۆژگاری بۆ بەیانی و دوارۆژی.

و لەڕووی بە هاونەریتە باڵاکان لە پەیامە ئاسمانییەکانەوە، و لە شتە نویکانی زانست و شارستانیەتی مرۆڤەوە ئەم دەستوورە هەمیشەییەمان دانا. پابەندبوون و وابەستە بوون بەم دەستوورە و ئەو یەکگرتوویی بەسەربەستەی عێراق دەپارێزێن بەگەل و نیشتمان و سەروەرییەوە.

بەشی یەکەم:
بنەما سەرەکییەکان:
ماددەی (١):
کۆماری عێراق دەوڵەتێکی سەربەخۆی خاوەن سەروەرییە، رژێم و سیستەمی حوکم(فەرمانڕەوایی) تیایدا کۆماری پەرلەمانی دیموکراتی ئیتحادی دەبێت
ماددەی (٢):
یەکەم – ئیسلام ئاینی قەومی دەوڵەتە، و سەرچاوەیەکی سەرەکی دەبێت بۆ یاسادانان(تەشریع):
أ – نابێت یاسایەک دانرێت دژایەتی لەگەڵ فەرمانە جێگر و چەسپاوەکانی ئیسلام
ب– نابێت یاساک دابنرێت دژ بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراتیدا
ج– نابێت یاسایەک دابنرێت دژ بێت لەگەڵ ماف و ئازادییە بنەڕەتییە هاتووەکان لەم دەستوورەدا.
دووەم: ئەم دەستوورە پارێزگاری لە شوناس و ناسنامەی ئیسلامی بۆ زۆربەی گەلی عێراق زامن دەکات. هەروەک چۆن هەموو مافە ئاینییەکان بۆ گشت تاکەکان زامن دەکات لە ئازادی بیروڕا و مومارەسە کردنی(پەیڕەوکردنی) ئاییندا.
ماددەی (٣):
عێراق وڵاتێکی فرەیی نەتەوە و ئاین و مەزهەبە،(عێراق) بەشێکە لە جیهانی ئیسلامی،و گەلی عەرەبی تیایدا بەشێکە لە نەتەوە عەرەبی.
ماددەی(٤):
یەکەم: زمانی عەرەبی و زمانی کوردی هەردووکیان زمانی فەرمی عێراقن، مافی عێراقییەکان زامن دەکات بە فێرکردنی منداڵەکانیان بە زمانی دایک وەک تورکمانی یان سریانی لە دەزگا فێرکارییەکانی حکوومەتدا بە گوێرەی پرەنسیپە پەروەردەییەکان، یاخود بە هەر زمانێکی دیکە لە دەزگا فێرکاری بە تایبەتەکاندا.
دووەم: چوارچێوی زمانەوانی زمانی فەرمی دیاری دەکات، و چۆنیەتی جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی ئەم ماددەیەش دیاری دەکات بە یاسایەک کە ئەمانە دەگرێتە خۆ:
أ –دەرکردنی رۆژنامەی فەرمی بە هەردوو زمانەکە.
ب – قسەکردن و گفتوگۆ کردن و دوان و دەربڕین لە بوار فەرمییەکاندا وەک ئەنجوومەنی نوێنەران(پەرلەمان) و ئەنجوومەنی وەزیران، و دادگاکان و کۆنگرە فەرمییەکان. بە هەریەک لەو دوو زمانە.
ج– دان نان و ئیعتراف کردن بەو بەڵگە فەرمی و گۆڕینەوەکان بە هەر دوو زمان و دەرکردنی بەڵگە فەرمییەکان بە هەر دوو زمانەکە.
– کردنەوەی قوتابخانەکان بە هەر دوو زمان بە پێی پرەنسیپ و مەرجە پەروەردەییەکان.
هـ– هەر بوارێکی دیکە بنەمای یەکسانی دەیگرێتەوە، وەکو کاغەزی پارە پەساپۆرتی سەفەر و پولەکان.
سێیەم... دەزگا و دەستە ئیتحادیەکان لە هەرێمی کوردستاندا هەر دوو زمانەکە بەکار دەهێنێت.
چوارەم: هەردوو زمانی تورکمانی و زمانی سریانی دوو زمانی فەرمین لەو ناوچانەی کە بونیان هەیە تیایدا.
پێنجەم: بۆ هەر هەرێمێک یان پارێزگایەک هەیە کە زمانێکی ناوچەیی(محلی) دیکە بکاتە زمانی فەرمی زیاد گەر زۆرینەی دانیشتوانەکەی لە راپرسییەکی گشتیدا بڕیاریان لەسەردا
ماددەی (٥)
سەروەری بۆ یاسایە، گەل سەرچاوەی دەسەڵات وشەرعیەتی (شرعیتها)ە بە هەڵبژاردنی نهێنی راستەوخۆ جێبەجێ دەکرێت (یمارسها)و لەرێگەی دەزگا دەستوورییەکانیەوە.
ماددەی (٦):
گۆڕینەوەی دەسەڵات ئاشتیانە دەبێت لە رێگەی شێواز و هۆکارە دیموکراتییەکانەوە، کە لەم دەستوورەدا جێگیر کراوە.
ماددەی (٧):
یەکەم : هەر قەورەیان پەیڕەو پرۆگرێیک هەڵگری(بونیادی) دەمارگیریبیان تیرۆر یان تەکفیر یا پاکتاوی تایفەیی یان هاندەریان رێخۆشکەر یان پیرۆز و بەرزکردنەوە یان رەواجی پێ بدات یان پاساوی بۆ بهێنێتەوە قەدەغە دەکرێت و رێگەی پێ نادرێت، و بەتایبەتی حزبی بەعسی سەددامی لە عێراقدا لە ژێر هەر ناوێکدا بێت، و دروست نییە ئەمە بخرێتە نێو فرەیی سیاسییەوە لە عێراقدا، و بەیاسا ئەمە رێک بخاتەوە.
دووەم: دەوڵەت پابەندە بە دژایەتی و شەڕ دژی تیرۆر بە هەموو شێوەکاییەوە، و کاردەکات بۆ پارێزگاری کردنی زەوییەکان لەوەی کە ببێتە مۆڵگە و بارەگا یان رێرە و یان مەیدانی چالاکی تیرۆریستەکان.
ماددەی (٨):
عێراق بنەمای هاوسێیەتی و دراوسێیەی باش رەچاو دەکات، پابەند دەبێت بەوەی کە دەست نەخاتە ناوکاروبای ناوخۆی دەوڵەتانی دیکەوە، هەوڵ دەدات بۆ چارەسەری ململانێ وركابەرییەکان بە هۆکارە ئاشتییەکان.
پەیوەندییەکانی لەسەر بناغەی بەرژەوەندی هاوبەش و مامەڵە بە هاوشێوە دادەمەزرێنێت و رێز لە پابەند بوونە نێو دەوڵەتییەکان دەگرێت.
ماددەی(٩):
یەکەم:
م– هێزە چەکدارەکانی عێراق و دەزگا ئاسایشیەکان لە پێکهاتەکانی گەلی عێراقی پێک دێت و رەچاوی هاوسەنگی و هاوشێوەیی بەبێ جیاوازی یان لەناوبردن دەخرێتە ژێر سەرکردایەتی دەسەڵاتی مەدەنی و پارێزگاری لە عێراق دەکات و ناکرێت و نابێتە ئامێرێک (هۆیەک) بۆ داپڵۆسین و چەوساندنەوەی گەلی عێراقی ، دەست ناخاتە ناو کاروباری سیاسی و رۆڵیشی نابێت لە گۆڕینەوەی دەسەڵات .
ب– پێکهێنای میلیشیا سەربازییەکان لە دەرەوەی چوارچێوەی هێزی چەکداری عێراقی قەدەغە دەکرێت.
ج– هێزی عێراقی بە چەکدارەکان و ئەندامەکانیان ، لە نێوانیاندا ئەو سەربازانەی کە کار دەکەن لە وەزارەتی بەرگریدایان

هەر بەڕێوەبەرایەتییەک یان ڕێکخراوەانی پابەند پێوەی ناتوانن و ناکرێت خۆیان (بپاڵێون) و کاندید بکەن بۆ بەڕێوەبردنی، شوێنە سیاسییەکان و ناکرێت هەستن بە هەڵمەتی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی کاندیدەکانیان تیایدا و نابێت بەشداری بکەن لە هەر کارێکدا کە پرەنسیپەکانی و مەرجەکانی وەزارەتی بەرگری قەدەغەی دەکات، و ئەم نادروستییەش بەشی چالاکی ئەو(کەسانە)کە پێشتر باسمان دەگرێتە و کە هەڵدەستن پێی. بە سیفەتی کەسێتیان یان کارمەندیان ئەمەش مافی دەنگدانیان لە هەڵبژاردندا ناگرێتەوە(بەڵکو دەنگ دەدەن)

د- دەزگای سیخوری نیشتمانی عێراقی هەڵدوستێت بە کۆکردنەوەی زانیارییەکان و هەڵسەنگاندی ئەو هەڕەشانەی کە بەرەورووی ئاسایشی نیشتمانی دەبێتەوە، پێشکەشکردنی(المسودە)(ڕێنمونی و ئامۆژگاری) ڕاوێژکردن بۆ حکوومەت عێراقی، دەبێت لە ژێر دەسەڵاتی مەدەنی بێت و بخرێتە ژێر چاودێری و ڕکێفی دەسەڵاتی یاسادانانەوە و بەپێی یاسا کاربکات و بەگوێرەی (موجب) بنەماکانی مافەکانی مرۆڤ کەدانی پیادانراوە.

هـ- حکوومەتی عێراقی ڕێز دەگرێت و پابەندبوونەکانی عێراقی نێودەوڵەتی جێبەجێ دەکات تایبەت بە قەدەغەکردنی بڵاو بوونەوە و پێشخستن و بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی وکیمیاوی و بایۆلۆژی، ئەوەشی پەیوەستە بەپێشکەوتن ودروست کردن و بەرهەم هێنان و بەکارهێنانی لە ئامێر و کەرەستە و تەکنەلۆژیا و دەزگای پەیوەندی کردن قەدەغە دەکات.

دووەم: خزمەتی زانست ڕێک دەخات بە یاسای.

ماددەی (١٠):

نزرگا و شوێنە پیرۆز و جێگا ئاینییەکان لە عێراقدا قەوارەی ئاینینی و شارستانین، دەوڵەت پابەندە بە جەخت کردنە سەر چاکردنەوە و پاراستنی پیرۆزی و حورمەتی، پەیڕەوکردنی دروشمە ئاینییەکان بە ئازادی تیایدا زامن دەکات.

ماددەی (١١):

بەغدا پایتەختی کۆماری عێراقە.

ماددەی (١٢):

یەکەم: بە یاسایەک ئاڵای عێراق و دروشم و ئارمی سروودی نیشتمانی ڕێک دەخات کە ئاماژە بێت بۆ پێکهاتەکانی گەلی عێراقی.

دووەم: بە یاسایەک پێشووە فەرمی و بۆنە ئاینی و نیشتمانی و ڕۆژژمێری فەرمی ڕێک دەخرێت.

ماددەی (١٣):

یەکەم: ئەم دەستوورە بە یاسایەکی بەرز و باڵا دادەنرێت لە عێراقدا، پێویستە پابەند بوون پێوەی لە گشت شوێنەکاندا و بەبێ جوێکاری.

دووەم: نابێت یاسایەک دابڕێژرێت کە دژایەتی پێچەوانەی ئەم دەستوورە بکات، هەر دەقێک هاتبێت لە دەستووری هەرێمەکاندا یان دەقێکی یاسایی دیکە پێچەوانە و دژ بێت لەگەڵ ئەم دەستووردا بە نادروست دادەنرێت.

## بەشی دووەم

## ماف و ئازادییەکان

### تەوەرە (بەشی) یەکەم: مافەکان

### یەکەم: مافە مەدەنی و سیاسییەکان

ماددەی (١٤):

عێراقییەکان یەکسانن لە بەرامبەر یاسادا بەبێ جوێکاری و جیاوازییەک بەهۆی ڕەگەز یان نەژاد یان نەتەوە یان بنەڕەتی یان ڕەنگ یان ئایین یان مەزهەب یان بیروباوەڕ یان ڕا یان بارودۆخ و ڕەوشی ئابووری یان کۆمەڵایەتی.

ماددەی (١٥):

هەموو تاکێک مافی ژیان و ئاسایش و ئازادی هەیە، ناکرێت و نابێت لەم مافانە بێبەش بکرێن یان ببەسترێنەوە، تەنیا بەپێی یاسا نەبێت، بە گوێرەی بڕیارێک کە لەلایەنی قەزایی تایبەتەوە دەرچوو بێت.

ماددەی (١٦):

بوار ڕەخساندن مافێکی پارێزراوی هەموو عێراقییەکان. دەوڵەت کاری پێویست دەگرێتە بەر بۆ جێبەجێکردنی ئەمە.

ماددەی (١٧):

یەکەم: هەموو تاکێک مافی تایبەتی کەسێتی خۆی هەیە گەر جیاواز و بەرامبەر نەبێت لەگەڵ مافی ئەوانی دیکە و ئادابە گشتییەکاندا.

دووەم: حورمەت و پیرۆزی ماڵەکان پارێزراوە (مصونە) ناکرێت. بچێتە ناوی یان پشکنینی یان هیچ شتێکی دیکە مەگەر بە بڕیارێکی دادگایی نەبێت بەپێی یاسا.

ماددەی (١٨):

یەکەم: عێراقی ئەوەیە کە لەدایک و باوکێکی عێراقی لە دایک بووبێت.

دووەم: ڕەگەزنامەی عێراقی مافی هەموو عێراقییەکە، ئەوش بناغەی هاووڵاتی بوونە.

سێیەم:

آ- قەدەغەیە لێسەندنەوەی ڕەگەزنامەی عێراقی لە هەر عێراقییەک لە دایک بووی عێراق بێت بە هەر هۆیەک لە هۆیەکان، هەرکەسێک لێی سەندرابوویەوە. مافی خۆیەتی داوای گەڕانەوەی بکات، ئەمەش بە یاسایەک دەبێت.

ب- ڕەگەزنامەی عێراقی دەسەنرێتەوە لەوەی کە تەجەنووسی کردووە لەو حاڵاتانەی کە یاسا بڕیاری لەسەر دەدات.

چوارەم: دروستە و دەکرێت کە عێراقی هەڵگری چەند ڕەگەزنامەیەک بێت. لەسەر هەر کەسێکە کە دەسەڵات و پایەیەکی سەرکردەیی یان ئاسایشی بەرز دەگرێتە ئەستۆ واز لە هەر ڕەگەزنامەیەکی دیکە بهێنێت. ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.

پێنجەم: ڕەگەزنامە عێراقی نادرێت بۆ مەبەستی سیاسەتی نیشتەجێکردنی دانیشتووانی کە کاریگەری خراپی هەبێت بەسەر پێکهاتەی دانیشتووانییەوە لەعێراقدا.

شەشەم: فەرمانەکانی ڕەگەزنامە بە یاسایەک ڕێک دەخرێت،

سەیری ئەو سکاڵایانە دەکرێت کە لێوەی دروست بووە لەلایەن دادگا تایبەتەکانەوە.
ماددەی (١٩):
یەکەم: قەزا سەربەخۆیە و هیچ دەسەڵاتێک نییە بەسەریدا جگە لە یاسا.
دووەم: نە تاوان و نە سزایەک هەیە مەگەر بە دەقێک نەبێت، سزا نییە مەگەر لەسەر کارێک نەبێت کە یاسا لەکاتی تاوانکارییەکەیدا بە تاوانی دادەنێت، دروست نییە (ناکرێت) سزایەکی توندی بەسەردا جێبەجێ بکرێت لەو سزایەی کە بۆی دانراوە لە کاتی تاوانکارییەکەدا.
سێیەم: سکاڵا مافێکی پارێزراو. زامنە بۆ هەمووی.
چوارەم: مافی پارێزگاریکردن پیرۆزە و پارێزراوە لە هەموو قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردندا.
پێنجەم: تاوانبار بێ تاوانە تاوەکو تاوانەکەی بەسەردا دەسەپێت لە دادگایەکی یاسایی وەدادوەرانەدا، جارێکی دیکە ئەو تاوانبارە بە هەمان تۆمەتی پێشووەوە دادگایی ناکرێت لە پاش ئازادکردنی مەگەر بەڵگەی نوێ دەربکەوێت لەسەری.
شەشەم: هەموو تاکێک مافی هەیە کە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت بە مامەڵەیەکی دادوەرانە لە کاروبارە قەزایی و ئیدارییەکاندا.
حەوتەم: دانیشتنەکانی دادگا ئاشکرا دەبێت مەگەر دادگا خۆی بڕیاری لەسەر دەربکات کە بە نهێنی بێت.
هەشتەم: سزا کەسی دەبێت.
نۆیەم: یاساکان کاریگەرییەکی ڕەجعیان نابێت مەگەر دەقێک هەبێت، بە پێچەوانەی ئەوەوە ئەم جۆێکارییەش یاساکانی باج و دەرامەت ناگرێتەوە.
دەیەم: یاسای جەزائی هیچ کاریگەرییەکی ڕەجعی نییە و بەڕێوە نابرێت مەگەر چاک بێت بۆ تاوانبار.
یانزەیەم: دادگا پارێزەر ڕێک لە جێی تاوانبار دادەنێت بۆ بەرگری کردن لێیبیان جونحەیەک دادەنێ بۆ هەر کەس کە پارێزەری نەبێت بەرگری لێ بکات و لەسەر خەرجی دەوڵەت.
دوانزەیەم:
أ- حیجز قەدەغەیە.
ب- زیندانی کردن و مانەوە لەو شوێنانەی کە تایبەت نین بۆ ئەو مەبەستە دروست نییە بەپێی یاساکانی زیندانی کە چاودێری کردنی تەندروستی و کۆمەڵایەتی و لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتدا دەگرێتە خۆ.
سیانزەیەم: پێشکەشکردنی پەڕەکانی لێکۆڵینەوەی سەرەتای لەسەر قازی تایبەت لە ماوەیەکدا کە تێدەپەڕێت لەبیست و چوار کاتژمێر لە کات یگرتنی تاوانبارەوە دروست نییە درێژ بکرێتەوە تەنیا یەکجار نەبێت ئەویش بۆ هەمان کات (٢٤) کاتژمێر.
ماددەی (٢٠):
بۆ هەموو هاووڵاتییەکە، پیاو ئافرەت مافی بەشداری کردنی هەیە لە کاروباری گشتیدا، سوود وەرگرتن لە هەموو مافە سیاسییەکان لەوانەش مافی دەنگدان و هەڵبژاردن و پاڵاوتن.
ماددەی (٢١):
یەکەم: بەدەستەوەدانی عێراقی بۆ هەر لایەنێک و دەسەڵاتێکی بێگانە قەدەغەیە و (دروست نییە).
دووەم: مافی پەنابەری سیاسی بۆ عێراق بە یاسایەک ڕێک دەخرێت. دروست نییە بەدەستەوەدانی پەنابەری سیاسی بۆ لایەنێکی بێگانە، یان گەڕانەوەی بۆ ئەو وڵاتەی کە ڕای کردووە لێی بە زۆر.
سێیەم: مافی پەنابەرێتی سیاسی نادرێتە تاوانبارێک کە هەستا بێت بە تاوانی نێودەوڵەتی، یان تیرۆریستی، یان هەر کەسێک کە زیان بە عێراق بگەیەنێت.
دووەم: مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان
ماددەی (٢٢): یەکەم: کارکردن مافی هەموو عێراقییەکانە بەوەی کە ژیانێکی سەربەرزیان بۆ دەستەبەر دەکات.
دووەم: یاسا، پەیوەندی نێوان کرێکار و خاوەن کار ڕێک دەخات لەسەر بناغەی ئابوری، لەگەڵ بە
ڕەچاوگرتنی بنەڕەتەکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتی.
سێیەم: دەوڵەت یارمەتی مافی پێکهێنانی سەندیکا و یەکێتییە پیشییەکان دەکات، یان چوونە نێویەوە، ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخات.
ماددەی (٢٣):
یەکەم: موڵکی تایبەت پاێزراوە و مافی موڵکدارە کە سوودی لێوەربگرێت و بەکاری بهێنێت و کاری پێوە بکات لە سنووری یاسادا.
دووەم: دروست نییە و ناکرێت موڵک وەربگرێت و داماڵرێ، مەگەر بەمەبەستی سوود و قازانجی گشتی نەبێت بەرامبەر بە قەرەبوویەکی دادپەروەرانە، ئەمەش بەیاسایەک ڕێک دەخرێت.
سێیەم: أ- عێراقی مافی خۆیەتی کە موڵکی هەبێت (ببێتە خاوەن موڵک) لەهەر شوێنێک لە عێراقدا، دروست نییە بۆ نا عێراقی کە موڵکی ناگواستنەوەی هەبێت تەنیا مەگەر بە یاسایەک جوێ بکرێتەوە.
ب- قەدەغەیە (قەدەغە دەکرێت) موڵکداری لە بەر مەبەستی گۆڕانی دانیشتووانی.
ماددەی (٢٤):
دەوڵەت یارمەتی ئازادی گواستنەوەی کرێکار و شتوومەک و سەرمایەگوزارییە عێراقییەکان دەدات لە نێوان هەرێم و پارێزگاکاندا، ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
ماددەی (٢٥):
دەوڵەت یارمەتی چاکسازی ئابووری عێراق دەدات، بەپێی بنەمای ئابووری نوێ و بەوەی کە زامنی بەرهەم هێنانی تەواوی سامان و جۆرێتی سەرچاوە و هاندانی کەرتی تایبەت و گەشەپێدانی دەکات.
ماددەی (٢٦):
دەوڵەت هاندانی بەرهەمهێنانی دەدات لە کەرتە جیاوازەکاندا ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخات.
یەکەم: ماڵ و سامانە گشتییەکان پیرۆزن. پارێزگاری کردنیان پێویستە لەسەر هەموو هاووڵاتییەک.

دووەم: پارێزگاری کردنی موڵکەکانی دەوڵەت و بەڕێوەبردنیان و مەرجەکانی مامەڵەکردن پێوەی، ئەو سنوورانەی کە دروست نییە (ناکرێت) سازشی لەسەر هیچ شتێک بکرێت لەو ماڵ و موڵکانەدا بە فەرمانە تایبەتییەکان بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
ماددەی (٢٨):
یەکەم: باج و درامەت و وەرگرتنی و پەشیمان بوونەوە و وەرنەگرتن و لێخۆشبوونی ناسەپێنرێت تەنیا بە یاسا نەبێت.
دووەم: خاوەن درامەتە (دەخل) کەمەکان لەباج دەبەخشرێن بەوەی کەدەست نەدرێت بە کەمترین ئاستی پێویستی ژیان و گوزەرانی ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
ماددەی (٢٩):
یەکەم: خێزان بناغەی کۆمەڵگەیە. دەوڵەت پارێزگاری لە قەوارە و بەهاو نەریتە ئایینی و ئەخلاقی و نیشتمانییەکان دەکات.
ب- دەوڵەت پارێزگاری کردنی دایکایەتی و منالێتی و پیرێتی لەخۆ دەگرێت، چاودێری و سەرپەرشتی تازە پێگەیشتوو و گەنج دەکات و بارودۆخی گونجاو یان بۆ دەڕەخسێنێت بۆ گەشەسەندنی توانا و ئاست و وەزەکانیان.
دووەم: منالەکان مافیان هەیە بە سەر باوکانیانەوە لە پەروەردە کردن و سەرپەرشتی و فێرکردنیان، باوکانیش مافیان هەیە بەسەر منالەکانیانەوە، لە ڕێزگرتن و سەپەرشتی و چاودێری بەتایبەتی لە حاڵەت و کاتەکانی پێویستی و نەتوانین و پیریدا.
سێیەم: قەدەغەیە سوود وەرگرتنی ئابووری لە منداڵان بە هەموو شێوەیەک، دەوڵەت کاری سەرپەرشتی کردن و پارێزگاری کردنی لە ئەستۆ دەگرێت.
چوارەم: هەموو شێوازەکانی توندوتیژی و زۆر کردن قەدەغەیە لەناو خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەدا.
ماددەی (٣٠):
یەکەم: دەوڵەت بۆ تاک و خێزان- بەتایبەتی منال و ئافرەت- چاودێری کۆمەڵایەتی و تەندروستی و خاڵە بەهێزە بنەڕەتییەکانی بۆ دەستەبەر دەکات بۆ ئەوەی بژیت لە ژیانێکی کامەران و خۆشگوزەران، درامەت و دەخلی گونجاویان بۆ دابین دەکات، شوێن و جێگەی پێویستیان بۆ دەڕەخسێنێت.
دووەم: دەوڵەت (بیمەی) زەمانەتی کۆمەڵایەتی بۆ عێراقییەکان دابین دەکات لە حاڵەتی پیری یان نەخۆشی یان نەتوانینی کاردا، یان دەربەدەری یان هەتیوی یان بەتاڵیدا، هەروەک چۆن پێداویستی و خزمەتگوزارییەکانی (بیمەی) تەئمین کۆمەڵایەتیان بۆ دابین دەکات. کار دەکات لەسەر پاراستنیان لە نەزان و ترس و هەژاری و کەمدەرامەتی، هەروەها شوێن و پرۆگرامی تایبەتیان بۆ فەراهەم دەکات و بایەخیان پێدەدات. ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێن.
ماددەی (٣١):
یەکەم: هەموو عێراقییەک مافی چاودێری تەندروستی هەیە، دەوڵەتیش گرنگی دەدات (بایەخ دەدات) بە تەندروستی گشتی، هۆکارەکانی خۆپارێزی و چارەسەریان بۆ دابین دەکات بەدروستکردنی چەندین جۆر نەخۆشخانە و فەرمانگەی تەندروستی.
دووەم: بۆ هەر تاک و دەزگایەک هەیە کە هەستێت بە دروستکردنی نەخۆشخانە و یان بنکەی تەندروستی یان شوێن و ماڵی تایبەتی بۆ چارەسەرکردنی بەسەرپەرشتی دەوڵەت. ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
ماددەی (٣٢):
دەوڵەت چاودێری پەککەوتە و خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکان دەکات و ئامادەو ئاسانکاریان بۆ دەکات بۆ تێکەڵبوون بە کۆمەڵگە، ئەمەش بەیاسایەک ڕێک دەخرێت.
ماددەی (٣٣):
یەکەم: بۆ هەموو تاکێک لە بارودۆخ و ژینگەی تەندروست و چاکدا مافی ژیان بردنە سەری هەیە.
دووەم: دەوڵەت پارێزگاری ژینگە و جۆرایەتی زیندەیی (الاحیایی) و پاراستنیان دەگرێتە ئەستۆ.
ماددەی (٣٤):
یەکەم: فێربوون هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و مافی فەراهەمکردنی لەلایەن دەوڵەتەوەیە. لە قۆناغی سەرەتاییدا (ئیلزامی) دەبێت و دەوڵەت قەڵاچۆکردنی نەخوێندەواری لە ئەستۆ دەگرێت.
دووەم: خوێندنی خۆڕایی مافی هەموو عێراقییەکانە لە هەموو قۆناغە جیاجیاکاندا (جیاوازەکاندا).
سێیەم: دەوڵەت هانی لێکۆڵینەوەی زانستی دەدات بە مەبەستی تەندروستی چاک بەوەی کە خزمەت بە مرۆڤایەتی دەکات، چاودێری گرنگی دەدات بە داهێنان و بەهرەیی و سەرکەوتووی و کاری نوێ و هەموو دیاردەکانی (ڕواڵەتەکانی) سەرهەڵدان و پێشرەفتی.
چوارەم: خوێندنی تایبەت و ئەهلی یارمەتی دەدات، ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
بەشی دووەم: "ئازادییەکان"
ماددەی (٣٥):
یەکەم: أ- ئازادی و پیرۆزی و ڕێزی مرۆڤ پارێزراوە.
ب: نابێت هیچ کەسێک بگیرێت یان لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت تەنیا بە پێی بڕیارێکی قەزایی نەبێت.
ج- هەموو جۆرەکانی سزادانی دەروونی و جەستەیی و مامەڵەی نامرۆڤانە قەدەغە دەکرێت (قەدەغەیە). هیچ دانپیانانێک کە بە زۆر یان هەڕەشە یان سزا وەرگیرابێت ئیعتباری نییە، زیان لێکەوتوو داوای قەرەبوو لەو زیانە ماددی و مەعنەوییە دەکات کە لێیکەوتووە، بەپێی یاسا.
دووەم: دەوڵەت تاک دەپارێزێت لە هەر زۆرێکی فیکری و سیاسی و ئایینی، نابێت و دروست نییە بگیرێت لەسەر ئەم بناغەیە.
سێیەم: کاری زۆرە ملێی (بێگاری)و بەندایەتی و بازرگانی بە بەندەوە قەدەغەیە، (قەدەغە دەکرێت)، بازرگانی کردن بە ئافرەت و منال و بازرگانی بە سێکسەوە قەدەغەیە (قەدەغەیە دەکرێت).
ماددەی (٣٦):

دەوڵەت ئەوە کە گرفت و نارێکی دروست ناکات بە سیستەمی گشتی و ئادابەکانی فەراهەم دەکات:
یەکەم: ئازادی ڕادەربڕین بە هەموو هۆکارەکان.
دووەم: ئازادی ڕۆژنامەگەری و چاپەمەنی و ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوە.
سێیەم: ئازادی کۆبوونەوە و ڕێپێوانی ئاشتیانە بە یاسایەک ڕێک دەخرێن.
ماددەی (٣٧):
یەکەم: ئازادی دامەزراندنی ڕێکخرا و پارتە سیاسیەکان یان چوونە نێو ئەوانەوە، پارێزراوە، ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێن.
دووەم: دروست نییە و نابێت زۆر لە هیچ کەسێک بکرێت بۆ چوونە ناو پارت یان ڕێکخراو یان لایەنێکی سیاسییەوە. یان زۆری لێبکرێت بە ئەندامێتی تیایدا.
ماددەی (٣٨):
ئازادی پەیوەندی کردن و گۆڕینەوەی نامە و پۆستە و بروسکە و تەلەفۆن و نامەی ئەلکترۆنی و جگە لەمانەش پارێزراوە، دروست نییە و نابێت چاودێری بکرێت یان گوێی لێ ڕابگیرێت، یان ئاشکرا بکرێت. مەگەر بۆ پێویستی یاسایی و ئاسایش و بە بڕیاری (قەزایی) دادگایی نەبێت.
ماددەی (٣٩):
عێراقییەکان ئازادن بە پابەندبوونیانەوە لە بارەی باری کەسێتییەوە بە گوێرەی ئایین یان مەزهەب یان بیروباوەڕ یان ئەوەی هەڵیدەبژێرن و ئەمەش یاسایەک ڕێک دەخرێت.
ماددەی (٤٠):
یەکەم: شوێنکەوتووی هەر ئایینێک یان مەزهەبێک ئازادە لە:
أ- پەیڕەوکردنی دروشم و بۆنە ئاینییەکان و تیاشیدا دروشمە حوسێنییەکان.
ب- بەڕێوەبردنی ئەوقاف و کاروبارەکان ودەزگا ئایینیەکان، ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
دووەم: دەوڵەت ئازادی پەرستن و پارێزگاری شوێنەکانی پەرستن دەگرێتە ئەستۆ.
ماددەی (٤١):
هەموو تاکێک ئازادە لە بیرکردنەوە و ویژداندا.
ماددەی (٤٢):
یەکەم: عێراقییەکان ئازادن لە گواستنەوە و هاتووچۆ و نیشتەجێبوون لەناو عێراق و دەرەوەی عێراقدا.
دووەم: دروست نییە و نابێت عێراقی دوور بخرێتەوە یان دەربکرێت یان بێبەش بکرێت لەگەڕانەوە بۆ نیشتمان.
ماددەی (٤٣):
یەکەم: دەوڵەت سوورە لەسەر پتەوکردنی دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی. پشتگیری و پێشخستنی و سەربەخۆیی خۆی، بەوەی کە بگونجێت لەگەڵ هۆکارە تەندروستی و باشەکاندا بۆ جێبەجێکردنی ئەنجامە مەشروعەکان (دروستەکان). ئەمەش بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
دووەم: دەوڵەت سوورە لەسەر برەودان و پێشکەوتنی خێڵ و هۆزە عێراقییەکان و گرنگی دەدات بەکاروباریان بەوەی کە بگونجێت لەگەڵ ئایین و یاسا و بەهاو نەریتە مرۆڤایەتییە جوانەکاندا و بەو شێوەی کە بەشدار بن لە پێشخستنی کۆمەڵگەوە هەموو ئەو نەریتە خێڵەکیانە قەدەغە دەکات کە ناگونجێت و دژە لەگەڵ مافەکانی مرۆڤدا.
ماددەی (٤٤):
هەموو تاکەکان مافیان هەیە سوود و کەڵک وەرگرن بە هەموو ئەو مافانەوەی کە لە پەیماننامە و ڕێکەوتنە نێودەوڵەتییە پەیوەستدارەکان بە مافەکانی مرۆڤەوە هاتووە و عێراقیش ئیمزای لەسەر کردووە، ئەمانەش هیچ دژایەتی و ناگونجانێکیان نەبێت لەگەڵ بنەما و فەرمانەکانی ئەم دەستوورەدا.
ماددەی (٤٥):
نابێت پەیڕەوکردنی هەریەک لەو ماف و ئازادیانەی هاتووە لەم دەستوورەدا ببەسترێت و بەند بکرێت یان سنووردار بکرێت مەگەر بە یاسایەک یان لەسەری بونیاد بنرێت. بەمەرجێک ئەو سنووردار و بەندکردنە (بەستنە) کرۆک و ناخی ماف یان ئازادی دەست لێنەدات.

بەشی سێیەم
دەسەڵاتە ئیتحادییەکان
ماددەی (٤٦):
دەسەڵاتی ئیتحادی لە دەسەڵاتە تەشریعی (یاسادانان) و جێبەجێکردن و قەزایی پێک دێت، لەسەر بناغەی بنەمای جیاکردنەوەی دەسەڵات لە نێوان دەسەڵاتەکاندا کارو پسپۆڕی خۆیان پەیڕەو دەکەن.
تەوەری یەکەم: دەسەڵاتی تەشریعی (یاسادانان)
ماددەی (٤٧):
دەسەڵاتی یاسادانانی ئیتحادی لە ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنی ئیتحادی پێک دێت.
یەکەم: ئەنجوومەنی نوێنەران.
ماددەی (٤٨):
یەکەم: ئەنجوومەنی نوێنەران لە ژمارەیەک لە ئەندامان پێک دێت کە بە گوێرەی یەک کورسی بۆ هەر ١٠٠ هەزار کەس لە دانیشتوانی عێراق کە ئەمانە نوێنەرایەتی گەلی عێراق دەکەن بەگشتی، ئەمانە هەڵدەبژێرین لە ڕێگەی هەڵبژاردنی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆوە، ڕەچاوی نوێنەرانی هەموو پێکهاتەکانی گەل دەکرێت تیایدا.
دووەم: مەرجە بۆ ئەو کەسەی خۆی کاندید دەکات بۆ ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران دەبێت بە تەواوەتی عێراقی بێت.
سێیەم: مەرجەکانی خۆپاڵاوتن و دەنگدەران و ئەوەی پەیوەستە بە هەڵبژاردنەوە بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
چوارەم: ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵدەستێت بە دانانی یاسایەک بۆ چارەسەرکردنی حاڵەتەکانی گۆڕینی ئەندامان لە کاتی دەست کێشانەوە یان لابردنی یان مردنی.
پێنجەم: نابێت ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران هەر کارێکی

دیکەیان بۆ شتێکی فەرمی دیکەی هەبێت و کۆی بکاتەوە پێکەوە.
ماددەی (٤٩)
ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران سوێندی دەستووری دەخۆن لە بەردەم ئەنجوومەندا پێش ئەوەی دەست بەکار بکات بەم شێوازەی خوارەوە سوێندەکە دەخوات:
«سوێند بەخوای بەرز و گەورە کە کار و بەرپرسیارێتییە یاساییەکانم بەجێ بگەیەنم بە خەمخۆری و دڵسۆزییەوە و پارێزگاری لە سەربەخۆیی عێراق و سەروەری بکەم، بەرژەوەندی گەلکەم بەرچاو بگرم و شەونخونی دەکەم لەسەر سەلامەتی زەوی و ئاسمان و ئاوو سامان و سیستەمە دیموکراتییە ئیتیحادییەکەی، و کار بکەم لەسەر چەسپاندن و پاراستنی ئازادییە گشتی و تایبەتییەکان و سەربەخۆیی قەزا و (قضاء) و پابەندم بە جێبەجێکردنی تەشریعاتەکانەوە بە ئەمانەت و بێ لایەنییەوە، خودا شاهیدە لەسەر ئەوەی دەیڵێم:
ماددەی (٥٠):
ئەنجوومەنی نوێنەران سیستەمێکی ناوخۆیی دادەنێت بۆ ڕێکخستنی ڕێڕەوی کارەکان تیایدا.
ماددەی (٥١):
یەکەم: ئەنجوومەنی نوێنەران لە ڕاستی و دروستی ئەندامێتی ئەندامانی تەواو دەبێت و دەیبڕێتەوە لە ماوەی ٣٠ ڕۆژدا لە ڕۆژی نووسینی ڕەخنەوە، بە زۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی.
دووەم: دروستە (دەکرێت) بڕیاری ئەنجوومەن ڕەخنەی لێ بگیرێت (طعن) لەبەردەم دادگای باڵای ئیتیحادیدا لە ماوەی سی ڕۆژدا لە ڕۆژی دەرچوونییەوە.
ماددەی (٥٢):
یەکەم: دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران ئاشکرا دەبێت مەگەر پێویستی وا بخوازێت کە بە نهێنی بێت.
دووەم: ئەجێندەی دانیشتنەکان بڵاودەکرێتەوە بەو هۆکارانەی کە ئەنجوومەن بە گونجاوی دەبینێت.
ماددەی (٥٣)
سەرەک کۆمار ئەنجوومەنی نوێنەران بانگەشە دەکات بۆ دانیشتن بە نووسراوێکی کۆماری لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە مێژووی ڕەزامەندی لەسەر ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی گشتی، و دانیشتنەکە دەست پێ دەکات بە سەرۆکایەتی بە تەمەنترین ئەندام بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی ئەنجوومەن و هەردوو جێگیرەکەی، ناکرێت درێژ بکرێتەوە ماوەکەی زیاتر لەوەی بۆی دیاری کراوە.
ماددەی (٥٤)
لە یەکەم دانیشتنی ئەنجوومەندا سەرەکی ئەنجوومەن هەڵدەبژێرێت، پاشتریش جێگری یەکەم و دووەمی بە زۆرینەی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەن لە ڕێگەی هەڵبژاردنی نهێنی ڕاستەوخۆوە دەبێت.
ماددەی (٥٥):
یەکەم: خولی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ ماوەی چوار ساڵی ڕەبەق دەبێت بە یەکەم دانیشتنی دەست پێ دەکات و بە ساڵی چوارەمی کۆتایی دێت.
دووەم: هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی نوێ پێش (چل و پێنج) ڕۆژ لە ڕۆژی تەواوبوونی خولی پێشووە و دەست پێدەکات.
ماددەی (٥٦): ئەنجوومەنی نوێنەران خولێکی ساڵانە دەبەستێت بە دوو بەشی تەشریعی درێژی کاتەکەیان هەشت مانگ دەبێت. سیستەمی ناوخۆیی چۆنیەتی دانیشتنەکانیان دیاری دەکات، ئەو بەشەی کە باس لە (موازنە) هاوسەنگی گشتی دەکات تەواو نابێت مەگەر بە ڕێکەوتن لەسەری.
ماددەی (٥٧):
یەکەم: بۆ هەر یەک لە سەرەک کۆمار یان سەرەک وەزیران یان سەرەکی ئەنجوومەنی نوێنەران یان پەنجا ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەن بۆیان هەیە بانگەشەی ئەنجوومەن بکەن بۆ دانیشتنی نائاسایی، دەبێت دانیشتنەکە تەنیا لەسەر ئەو بابەتانە بکرێت کە بانگەشەی بۆ کراوە.
دووەم: بەشی تەشریعی (یاسادانان) ماوەی درێژ دەکرێتەوە بۆ خولی دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران، بەڵام لە (سی) ڕۆژ زیاتر تێ نەپەڕێت. بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە پێویست دەکات، ئەمەش لەسەر داوای سەرەک کۆمار یان سەرەک وەزیران یان سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران یان پەنجا ئەندام لە ئەندامانی ئەنجوومەن.
ماددەی (٥٨):
یەکەم: بەستنی دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە ئامادەبوونی زۆرینەی زۆری ژمارەی ئەندامانی ڕێژەی خۆی دەبەسترێت.
دووەم: بڕیارەکان لە دانیشتنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەراندا دەدرێت بە زۆرینەی ئاسایی گەر دەقێک نەبێت بە بێچەوانەیەوە.
ماددەی (٥٩):
ئەنجوومەنی نوێنەران تایبەتە بە مانەوە:
یەکەم: داڕشتنی (تەشریعی) یاساکانی ئیتحادی.
دووەم: أ- سەیرکردنی ئەو پێشنیازە یاساییانەی کە پێشکەشکراوە لەلایەن (دە) لە ئەندامانی ئەنجوومەنەوە یان لەلایەن یەکێک لە لیژنە تایبەتییەکانەوە.
ب- سەیرکردنی ئەو پرۆژە یاساییە پێشنیازکراوانەی سەرەک کۆمار و سەرەکی ئەنجوومەنی وەزیران.
سێیەم: چاودێریکردنی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی جێبەجێکردن.
چوارەم: کاری ڕازی بوون و ئیمزاکردنی لەسەر پەیماننامە و ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکان بە زۆرینەی سێ بەشی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بە یاسایەک ڕێک دەخرێت.
پێنجەم: ڕێکەوتن لەسەر دانانی هەر یەک لە:
أ- سەرۆک و ئەندامانی دادگای تەمیزی ئیتیحادی و سەرۆکی (ئیدیعا)ی گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیاری قەزایی بە زۆرینەی ڕەها، ئەمەش لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی قەزایی باڵا دادەنرێت.
ب- باڵیۆز و خاوەن پایە تایبەتییەکانی لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت.

ج- سەرەک ئەرکانی سوپا و یاریدەدەرەکانی، ئەوانەی لە پۆستی سەرۆکی فیرقە بەرەو ژوورن و سەرۆکی دەزگای سیخوڕی لەسەر پێشنیازی ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت.

شەشەم:

أ- لێپرسینەوەی سەرەک کۆمار لەسەر داوایەک بێتە هۆی لێ پرسینەوە بە زۆربەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران.

ب- (ئیعفا)کردنی سەرەک کۆمار بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران پاش تاوانبارکردنی (ئیدانە)کردنی لەلایەن دادگای باڵای ئیتحادییەوە لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

١- شکاندنی سوێندی دەستووری

٢- بەزاندنی دەستوور

٣- خیانەتی گەورە. (ناپاکی)

حەوتەم:

أ- بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەرانە کە پرسیار لە هەر بابەتێکدا کە دەچێتە ژێر پسپۆڕییەوە بکات لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان و بۆ هەریەکیانە پرسیاری ئەندامەکان وەڵام بداتەوە، تەنیا بۆ پرسیارکەرە کە مافی قسەکردن و بەدواداچوونی وەڵامەکەی هەیە.

ب- دروستە بۆ (بیست و پێنج) ئەندام بە لایەنی کەمەوە لە ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران بابەتێکی گشتی پێشنیاز بکەن بۆ گفتوگۆ بۆ ڕوونکردنەوە لەسەر سیاسەت و کاری ئەنجوومەنی وەزیران یان یەکێک لە وەزارەتەکان، پێشکەش دەکرێت بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران. سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزیرەکان کاتێک دیاری دەکەن بۆ ئامادەبوون لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەراندا بۆ گفتوگۆکردنی.

ج- بۆ ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران و بە ڕێکەوتنی (بیست و پێنج) ئەندام لێپرسینەوەکان ڕووە و سەرەکی ئەنجوومەنی وەزیران یان وەزیرەکان بکات بۆ لێپرسینەوەیان لەو کاروبارانەی کە دەچێتە نێو پسپۆڕیانەوە، و گفتوگۆ ناکرێت لەسەر ئەو لێپرسینەوانە تەنیا لە پاش حەوت ڕۆژ نەبێت بە لایەنی کەمەوە لە ڕۆژی پێشکەشکردنییەوە.

هەشتەم:

أ- بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانەکە متمانە وەرگرێتەوە لە هەریەک لە وەزیرەکان بە زۆرینەی ڕەهاوە دادەنرێت بە لادراو لە ڕۆژی بریاری متمانە لێوەرگرتنییەوە. نابێت بێشنیازی بابەتی متمانە بکرێت بە وەزیرێک تەنیا لەسەر ئارەزووی خۆی یان داواکارییەک کە لەلایەن پەنجا ئەندامەوە ئیمزا کرابێت، لە پاش گفتوگۆیەکی ئیستجوابی کە بەرەو ڕووی دەکرێتەوە، ئەنجوومەن بریاری خۆی لەسەر نادات مەگەر لە پاش حەوت ڕۆژ بە لایەنی کەمەوە لە ڕۆژی پێشکەشکردنییەوە.

ب- ١- بۆ سەرۆکی کۆمارە داوایەک پێشکەش بکات بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران بە سەندنەوەی متمانە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.

٢- بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانە لەسەر داوایەکی پێنج یەکی (١/٥)ی ئەندامانی ئەنجوومەن کە متمانە وەرگرنەوە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران. نابێت ئەم داواکارییە پێشکەش بکرێت مەگەر لە پاش لێپرسینەوەیەکی بەرەوڕووی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و لە پاش حەوت ڕۆژ بەلایەنی کەمەوە لە پێشکەشکردنی داواکەوە.

٣- ئەنجوومەنی نوێنەران بریار دەدات بە متمانە وەرگرتنەوە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بە زۆرینەی ڕەهای ئەندامەکانی.

ج- وەزارەت هەڵدەوەشێتەوە لە حاڵەتی متمانە وەرگرتنەوە لە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

د- لە حاڵەتی دەنگدانی متمانە وەرگرتنەوە لە ئەنجوومەنی وەزیران بە تەواوەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان لە پۆستی خۆیاندا بەردەوام دەبن بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانە بۆ ماوەیەک کە لە سی ڕۆژ زیاتر تێنەپەڕێت. تاوەکو پێک هێنانی ئەنجوومەنی وەزیرانی نوێ.

هـ- ئەنجوومەنی نوێنەران مافی لێپێچانەوە و (ئیعفا) کردنی بەرپرسانی دەستە سەربەخۆکانی هەیە بەپێی ئەو ئیجرائاتانەی پەیوەندە بە وەزیرەکانەوە و بە زۆرینەی ڕەها.

نۆیەم:

أ- ڕێکەوتن لەسەر ڕاگەیاندنی جەنگ و باری تەنگەتاوی بە زۆرینەی سێ بەشی ئەندامان، لەسەر داوایەکی هاوبەشی سەرەکی کۆمار و سەرەکی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە.

ب- باری تەنگەتاوی بۆ ماوەی سی ڕۆژ ڕادەگەیەنرێت و دەکرێت درێژ بکرێتەوە بە ڕەزامەندی کردن لەسەری لە هەموو جارێکدا.

ج- سەرەکی ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتی پێویستی پێ دەدرێت کە بتوانێت کاروباری وڵات بەڕێوە ببات لە ماوەی ڕاگەیاندنی جەنگ و باری تەنگەتاویدا و ئەم دەسەڵاتانە بە یاسایەک ڕێک دەخرێت کە دژ و پێچەوانە نەبێت لەگەڵ دەستووردا.

د- سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو ڕێکارانەی گیراوەتە بەر و ئەنجامەکانی پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات لە ماوەی کاتی ئیعلانکردنی جەنگ و باری تەنگەتاوییەوە لە ماوەی پانزە ڕۆژدا لە تەواوبوونییەوە.

ماددەی (٦٠)

یەکەم: ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەی یاسای هاوسەنگی گشتی و هەژمارکردنی کۆتایی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران پێشکەش دەکات بۆ بریار لەسەردانی.

دووەم: بۆ ئەنجوومەنی نوێنەرانە کە گۆڕینەوە لە نێوان بەش و تەوەرەکانی هاوسەنگی گشتیدا بکات، کەمکردنەوەی کۆی گشتی برە پارەکان. ئەنجوومەن بۆی هەیە کە لە کاتی پێویستیدا زیادکردنی گشتی برە پارەی تێچووەکان پێشکەش بکات بە ئەنجوومەنی وەزیران.

ماددەی (٦١):

یەکەم: ماف و ئیمتیازاتەکانی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەردوو جێگر و ئەندامانی ئەنجوومەن بە یاسایەک دیاری دەکرێت.

دووەم:

أ- ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران سوود و کەڵک وەردەگرێت لەو

(حصانه) کە هەیەتی لەوەی کە دەیڵێت لە ڕاکانی لە ماوەی خولی بەستنی دانیشتنەکان و تووشی دادگایی نابێت لەبەردەم دادگادا لە بارەی ڕاکانییەوە.

ب- دروست نییە و نابێت کە ئەندامی ئەنجوومەن بگیرێت لە ماوەی خولی ئەنجوومەندا مەگەر تاوانبار بێت بە تاوانێک کردبێتی، بە ڕەزامەندی زۆرینەی ڕەهای ئەندامان لەسەر لابردنی (الحصانه) لێی یان گەر گیرا بەهۆی تۆمەتێکی بینراوەوە کە ئەنجامی دەدات.

ج- دروست نییە و ناکرێت ئەندامی ئەنجوومەن لە دەرەوەی ماوەی بەشی تەشریعیدا دەستگیر بکرێت مەگەر تۆمەتبار بێت بە تاوانکاری، و بە ڕەزامەندی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەر لابردنی (الحصانه) لێی یان دەستگیر بکرێت بە تاوانێکی بینراو کە ئەنجامی دەدات.

**ماددەی ٦٢**

**یەکەم:** لەسەر داوای سێیەکی ئەندامانی ئەنجوومەن نوێنەرایەتی یاخود لەسەر داوای سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و پاش ڕەزامەندی سەر کۆمار، ئەنجوومەنی نوێنەرایەتی بە زۆرینەی ڕەهای ژمارەی ئەندامانی هەڵدەوەشێتەوە، نابێ لە ماوەی هێنانی سەرۆک وەزیران بۆ بەردەم ئەنجوومەن، ئەنجوومەن هەڵبوەشێتەوە.

**دووەم:** سەر کۆمار لەکاتی هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەنی نوێنەراندا داوای هەڵبژاردنی گشتی لە وڵاتدا دەکات، لە ماوەی ئەوپەڕی ٦٠ ڕۆژ لە بەرواری هەڵوەشانەوەی ئەنجوومەن، لەم حاڵەتەدا کە ئەنجوومەنی نوێنەران هەڵوەشاوەتەوە، ئەنجوومەنی وەزیران کاروباری ڕۆژانەی ئەنجوومەن بەڕێوە دەبات.

**دووەم: ئەنجوومەنی فیدراڵی**

**ماددە٦٣/**

**یەکەم:** ئەنجوومەنێکی یاسادانان بەناوی «ئەنجوومەنی فیدراڵی»، پێکدەهێنرێت نوێنەری هەرێمەکان و پارێزگاکان لە خۆی دەگرێت و تایبەتمەندە بە چاوگێڕانەوە لە پرۆژەی ئەو یاسایانەی پەیوەندی بە هەرێم و پارێزگاکان.

**دووەم:** پێکهێنانی ئەنجوومەن و مەرجی ئەندامییەتی و تایبەتمەندییەکان و هەرچی پەیوەندی بە فەسڵی دووەمەوە هەیە بە یاسا ڕێکدەخرێت.

**دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن**

**ماددەی ٦٤**

دەسەڵاتی ڕاپەڕاندنی فیدراڵی لە سەرکۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران پێکدێت لە یاسا و دەستوور دەسەڵاتی خۆی پیادە دەکات.

**یەکەم/ سەرکۆمار**

**ماددەی ٦٥:**

سەرۆک کۆمار سەرۆکی دەوڵەت و سیمبولی یەکبوونی نیشتیمانە و نوێنەرایەتی سەروەری وڵات دەکات و ئێشکگر دەبێت لەسەر پابەندبوون بە دەستوور و پارێزگاری سەربەخۆی و سەروەری یەکبوون و یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات بەپێی ئەحکامەکانی دەستوور.

**ماددە٦٦:**

**بۆ پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کۆمار دەبێ ئەم مەرجانە هەبن:**

**یەکەم:** لە دایکبووی عێراق و لە دایک و باوکێکی عێراقی بێت.

**دووەم:** ئەهلییەتی تەواوی هەبێت و ٤٠ ساڵی تەواو کردبێت.

**سێیەم:** ئاکامێکی بەرزو شارەزایی سیاسەتی هەبێ و شاهیدی پاکی و دادپەروەری دڵسۆزی نیشتیمان بێت.

**چوارەم:** بە تاوانی لەکەی شەرەف حوکم نەدرابێ.

**ماددە ٦٧:**

بەپێی یاسا ئەحکامی پاڵاوتن بۆ پۆستی سەرکۆمار ڕێکدەخرێت.

**ماددەی ٦٨:**

**یەکەم:** ئەنجوومەنی نوێنەران لە نێوان پاڵێوراواندا سەرکۆمار هەڵدەبژێرێت بە کۆی دوو لەسەر سێی ئەندامانی.

**دووەم:** ئەگەر هیچکام لە پاڵێوراوەکان نەیانتوانی زۆرینەی پێویست بە دەست بێنن، ئەوا کێبڕکێ دەکەوێتە نێوان ئەو پاڵێوراوانەی بەرزترین دەنگیان بە دەستهێناوە و لە دەنگدانێکی دیکەدا سەرۆک بە زۆرینەی دەنگ ڕادەگەیەنرێت.

**ماددە ٦٩:**

سەرکۆمار لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران سوێندی یاسایی دەخوات بەو جۆرەی لە ماددە ٤٩ ی دەستووردا هاتووە.

**ماددە ٧٠:**

**یەکەم:** ماوەی سەرۆکایەتی سەرکۆمار بە ٤ ساڵ دیاری دەکرێت.

**دووەم:** بەر لە سێ مانگ بەسەر کۆتایی هاتنی ماددەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران سەرکۆمارێکی تازە هەڵدەبژێرێت.

**ماددە ٧١:**

**سەرکۆمار ئەم دەسەڵاتانەی دەبێت:**

أ- دەرکردنی لێبوردنی تایبەتی لەسەر ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی وەزیران، ئەمە بێجگە لەوانە حوکمدراون لەسەر تاوانی نێودەوڵەتی، تیرۆر، فەسادی دارایی و مافی تایبەت.

ب- پەسەندکردنی پەیماننامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان، دوای ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران.

ج- ئەو یاسایانەی ئەنجوومەنی نوێنەران دایڕشتووە پەسەند دەکات و دەریان دەکات لە ماوەی ١٠ ڕۆژ دوای ناردنی.

د- داوا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی هەڵبژاردن دەکات کە لە ماوەی ١٥ ڕۆژ تێپەڕێ لە دوای ئاکامەکانی هەڵبژاردن کۆبوونەوە گرێبدات، لە هەندێک حاڵەتی دیکە کە لە دەستوورەکەدا هاتووە.

هـ- لەسەر داوای ئەنجوومەنی وەزیران و بەپێی یاسا مەدالیا و نیشانەکان دەبەخشێت.

و- وەرگرتنی باڵیۆزەکان.

ح- دەرکردنی مەراسیمی کۆماری.

ط- هەڵدەستێت بە ئەرکی سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا.

ی- هەر دەسەڵاتێکی دیکەی سەرۆکایەتی کە لەم دەستووردا هاتبێت.

**ماددەی ٧٢:**
بەپێی یاسا مووچە و دەرماڵەی سەرکۆمار دیاریدەکرێت.

**ماددەی ٧٣:**
**یەکەم:** سەرکۆمار بە نووسین دەست لە کارکێشانەوەی خۆی پێشکەشی ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات، دوای ٧رۆژ لە گەیشتن بە ئەنجوومەنی نوێنەران جێبەجێ دەکرێت.
**دووەم:** لەکاتی ئامادە نەبوونی جێگری سەرکۆمار جێگەی سەرۆک دەگرێتەوە.
**سێیەم:** جێگری سەرکۆمار جێگەی سەرکۆمار دەگرێتەوە لەکاتی چۆڵبوونی پۆستەکە لەبەر هەر هۆیەک و دەبێ ئەنجوومەنی نوێنەران لە ماوەی ٣٠ رۆژ تێنەپەڕێت سەرۆکی تازە هەڵبژێرێت.
**چوارەم:** لەکاتی چۆڵبوونی پۆستی سەرکۆمار و نەبوونی جێگردا سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران جێگەی سەرکۆمار دەگرێتەوە هەتا سەرۆکێکی تازە لە ماوەی ئەوپەڕی ٣٠ رۆژدا هەڵدەبژێرێت بەپێی ئەحکامی ئەم دەستوورە.

**دووەم:**
**ئەنجوومەنی وەزیران**

**ماددە ٧٤:**
**یەکەم:** سەرکۆمار پاڵێوراوی ئەو فراکسیۆنەی کە زۆرینەی ژمارەی هەیە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران لە ماوەی ١٥ رۆژ لە بەرواری دانیشتنی ئەنجوومەنی نوێنەران.
**دووەم:** سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ڕاسپێردرا و لە ماوەی ئەوپەڕی ٣٠ رۆژدا ناوی ئەندامانی کابینە وەزارییەکەی ئاشکرا دەکات.
**سێیەم:** ئەگەر سەرۆک وەزیران ڕاسپێردرا و نەیتوانی لەو ماوەیەی کە لە بەندی دووەمدا هاتووە وەزارەتەکەی پێکبێنێ سەرکۆمار پاڵێوراوێکی دیکە ڕادەسپێرێت لە ماوەی ١٥ رۆژدا.
**چوارەم:** سەرۆک وەزیران ڕا سپێردرا و ناوی ئەندامانی کابینە وەزارییەکەی و بەرنامەی وەزارییەکان پێشکەش ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات، ئەوکاتە متمانەی دەبێت کە وەزیرەکان بە تاک و بەرنامەکەی بە زۆرینەی ڕەها پەسەند بکرێت.
**پێنجەم:** سەرۆکی کۆمار لە ماوەی ١٥ رۆژدا پاڵێوراوێکی دیکە بۆ پێکهێنانی وەزارەت ڕادەسپێرێت لە حاڵەتی

ماددەی (٧٥):
یەکەم: مەرجە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو مەرجانەی تێدا هەبێت، کە لەسەرۆک کۆماردا هەیە و دەبێت خاوەن بڕوانامەی زانکۆ، یان هاوتای بێت و تەمەنی لە (٣٥) ساڵ کەمتر نەبێت.
دووەم: مەرجە وەزیر ئەو مەرجانەی تێدا هەبێت کە لە پاڵێوراوێکی ئەنجوومەنی نوێنەران هەیە و دەبێت بڕوانامەی زانکۆی بەدەست هێنابێت، یان هاوتای بێت.

ماددەی (٧٦):
سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بەرپرسیاری ڕاستەوخۆی جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەتە و، پێشەوای گشتی هێزە چەکدارەکانە، بەڕێوەبردنی ئەنجوومەنی وەزیرانی لە ئەستۆدایە و سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەکات و مافی لادانی وەزیرانی هەیە، بە ڕەزامەندی ئەنجوومەنی نوێنەران.

ماددەی (٧٧):
سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران سوێندی دەستووری لە بەردەم کۆمەڵەی نیشتمانی دەخوات بەو شێوەیەی هاتووە لە ماددە (٤٩)ی دەستووردا.

ماددەی (٧٨):
ئەنجوومەنی وەزیران ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە دەکات:
یەکەم: نەخشەکێشان و جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتی دەوڵەت و پلانە گشتییەکان و سەرپەرشتیکردنی ئیش وکاری وەزارەتەکان و ئەو لایەنانەی پەیوەندییان بە وەزارەتەوە نییە.
دووەم: پێشنیارکردنی پرۆژە یاساییەکان.
سێیەم: دەرکردنی پەیڕەوەکان و ڕێنماییەکان و بڕیارەکان بە ئامانجی جێبەجێکردنی یاساکان.
چوارەم: ئامادەکردنی پرۆژەی هاوسەنگی گشتی و هەژمارکردنی کۆتایی و پلانی پەرەپێدان.
پێنجەم: داواکاری لە ئەنجوومەنی نوێنەران دەکرێت بۆ ڕەزامەند وەرگرتنی لەسەر دامەزراندنی بریکاری وەزیرەکان و باڵیۆزەکان و خاوەن پلە تایبەتەکان دەبێت و، هەروەها سەرۆکی سوپاسالار و هاوکارەکانی و ئەوانەی بە پلەی قائید فیرقە و لەسەرووترەوە و سەرۆکی ڕشتەی مخابەراتی نیشتمانی و سەرۆکەکانی دەزگاکانی ئەمنیش.
شەشەم: دانووستاندن دەربارەی پەیماننامەکان و ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و ئیمزاکردن لەسەریان، یان ئەوەی تەخویل دەکات.

ماددەی (٧٩):
یەکەم: سەرۆک کۆمار لە جێی ئەنجوومەنی وەزیران دادەنیشێت لە کاتی بوونی بۆشایی لە پلەو پایەکەی لەبەر هەر هۆیەک بێت.
دووەم: سەرۆک کۆمار لەسەریەتی سەرۆک وەزیرانێکی دیکە ڕابسپێرێت لە ماوەی (١٥) رۆژ زیاتر نەبێت بەپێی ماددە (٧٤)ی ئەم دەستوورە.

ماددەی (٨٠):
بەیاسای موچە و موخەسەساتی سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و ئەوانەی لەم پلە و پایەن، ڕێک دەخرێت.

ماددەی (٨١):
بەرپرسیەتی سەرۆکی ئەنجوومەنی وزیران و وەزیرەکان لەبەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران هاوکارانە و کەسایەتی دەبێت.

ماددەی (٨٢):
یەکەم: بە یاساکاری دامودەزگە ئەمنییەکان و دەزگا موخابەراتییەکانی نیشتمانی ڕێکدەخرێت و ئەرک و دەسەڵاتەکانیان دیاری دەکرێت و، بەپێی بنەماکانی مافی مرۆڤ ئیشی پێ دەکرێت و دەکەوێتە ژێر چاودێری ئەنجوومەنی نوێنەران.
دووەم: دەزگا موخابەراتییەکانی نیشتمانی پەیوەست بە ئەنجوومەنی وەزیران دەبێت.

ماددەی (٨٣):
ئەنجوومەنی وەزیران پەیڕەوێکی ناوخۆ دادەنێت بۆ ڕێکخستنی

بەڕێوەچوونی ئیش و کارەکان.
ماددەی (٨٤):
بە یاسا پێکهێنانی وەزارەتەکان و وەزیفەکان و تایبەتمەندییەکان و دەسەلاتەکانی وەزیر ڕێک دەخرێت.
«بەشی سێیەم»
دەسەلاتی دادوەری
ماددەی (٨٥):
دەسەلاتی دادوەری سەربەخۆیە و دادگاکان بە هەموو جۆرەکان و پلەکانییەوە بەڕێوەی دەبەن و حوکمەکانی بەپێی یاسا دەردەکات.
ماددەی (٨٦):
دادوەرەکان سەربەخۆن لە یاسا زیاتر هیچ دەسەلاتێکی دیکەیان بەسەرەوە نییە و نابێت هیچ دەسەلاتێک دەست لە کاروباری دادگا، یان دادپەروەری بدات.
ماددەی (٨٧):
دەسەلاتی دادوەری فیدراڵی لە ئەنجوومەنی دادوەری باڵا پێک دێت و، دادگای فیدراڵی باڵاو، دادگای تێهەڵچوو نەوەی فیدراڵی و دەزگای داواکاری، گشتی و، دەستەی سەرپەرشتیارانی دادوەری و دادگا فیدرالییەکانی دیکە بەپێی یاسا ڕێک دەخرێت.
یەکەم: ئەنجوومەنی دادگای باڵا
ماددەی (٨٨)
ئەنجوومەنی دادگای باڵا کاروباری دەستە دادگاییەکان بەڕێوە دەبات و یاسا شێوەی پێکهاتە و تایبەتمەندییەکان و ڕێسای ئیشپێکردنی دیاری دەکات.
ماددەی (٨٩):
ئەنجوومەنی دادگای باڵا ئەم دەسەلاتانەی خوارەوە پەیرەو دەکات:
یەکەم: بەڕێوەبردنی کاروباری دادگا و سەرپەرشتی کردنی دادگا فیدرالییەکان.
دووەم: پاڵاوتنی سەرۆک و ئەندامانی دادگای فیدراڵی باڵا و ناوەکانیان پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەران دەکات بۆ ڕەزامەندی دەربڕینی لەسەر دامەزراندنیان.
سێیەم: پاڵاوتنی سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی فیدراڵی باڵا و سەرۆکی داواکاری گشتی و سەرۆکی دەستەی سەرپەرشتیارانی دادوەری و پێشکەش بە ئەنجوومەنی نوێنەرانی دەکات بۆ ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر دامەزراندنیان.
چوارەم: پێشنیاری پرۆژەی هاوسەنگی ساڵانە بۆ دەسەلاتی دادوەری فیدراڵی و پێشکەشکردنی بە ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەری.
دووەم: دادگای فیدراڵی باڵا
ماددەی (٩٠):
یەکەم: دادگای فیدراڵی باڵا دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆیە لە ڕووی دارایی و بەڕێوەبردنەوەو، ئیش و کار و تایبەتمەندییەکانی و پێکهاتەکانی بە یاسا ڕێک دەخات.
دووەم: دادگەی فیدراڵی باڵا لە ژمارەیەک لە دادوەر و شارەزای شەریعەت و یاسا پێک دێت و یاسا ژمارەکانیان و شێوەی هەڵبژارنەکانیان بە یاسایەک دیاری دەکات. کە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەنگی لەسەر دەدەن.
ماددەی (٩١):
دادگای فیدراڵی باڵا تایبەتە بەم خاڵانەی خوارەوە:
یەکەم: چاودێری لەسەر دەستوورە یاساییەکانی فیدراڵی دەکات پێش دەرچوونی.
دووەم: چاودێری لەسەر دەستوورە یاساییەکان و پەیڕەوەکانی جێبەجێکردنیان دەکات.
سێیەم: ڕاڤەکردنی دەقی دەستووری:
چوارەم: یەکلاکردنەوەی کێشەکانی، کە لە پەیڕەوکردنی یاساکانی فیدراڵی دروست دەبێت.
پێنجەم: یەکلاکردنەوەی دوو بەرەکییەکانی، کە لە نێوان حکوومەتی فیدراڵی و حکوومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکان و شارەوانییەکان و کارگێڕییەکانی خۆجێی ڕوو دەدات.
شەشەم: یەکلاکردنەوەی دوو بەرەکییەکانی، کە لەنێوان حکوومەتەکانی هەرێم، یان پارێزگاکان ڕوو دەدات.
حەوتەم: یەکلاکردنەوەی تۆمەتەکانی ئاراستەی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و وەزیرەکان دەکرێت.
هەشتەم: پەسند کردنی ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران.
ماددەی (٩٢):
بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدراڵی دەبێت و ئیلزامییە بۆ هەموو دەسەلاتەکان.
سێیەم: حوکمەکانی گشتی
ماددەی (٩٣):
دامەزراندنی دادگای تایبەت، یان ئیستسنائی قەدەغەیە.
ماددەی (٩٤):
ڕێکخستنی یاسای پێکهێنانی دادگاکان و جۆرەکان و پلەکان و تایبەتمەندییەکانیان و، چۆنییەتی دامەزراندن و خزمەتی دادوەرەکان و، ئەندامانی داواکاری گشتی و ئینزیبات و حەواڵەکردنیان بۆ خانەنشین.
ماددەی (٩٥):
دادوەرەکان قابیلی گۆشەگیرکردن نین تەنیا لەو حاڵەتانەی کە یاسا دیاری دەکات هەروەک یاسا حوکمەکانی تایبەت بەوان دیاری دەکات و لێپرسینەوەی تەئدیب کردنیان ڕێک دەخات.
ماددەی (٩٦):
دادوەر و ئەندامی داواکاری گشتی نابێت ئەم شتانەی خوارەوە ئەنجام بدەن.
یەکەم: کۆکردنەوە لە نێوان وەزیفەی دادوەری و هەردوو وەزیفەی یاسادانان و جێبەجێکردن و هەر ئیشێکی دیکە.
دووەم: ئینتیما بوون بۆ هەر حزبێک، یان ڕێکخراوێکی سیاسی، یان ئیشکردن لەهەر چالاکییەکی سیاسی.
ماددەی (٩٧):
بە یاسا، دادگای سەربازی ڕێکدەخرێت و تایبەتمەندی دادگاکانی سەربازی دیاری دەکرێت، کە پەیوەندی بەو تاوانانە هەیە، کە

مۆرکێکی سەربازی پێوەیە، کەبەسەر تاکەکانی هێزە چەکدارەکان و، هێزەکانی ئەمن دێت لەو سنوورەی یاسا بڕیاری لەسەر دەدات.

ماددەی (٩٨):

لە یاساکە دەقێک هەیە پارێزگاری لە هەر کارێک، یان بڕیارێکی ئیداری دەکات و ناهێڵێت تانەی لێ بدرێت.

ماددەی (٩٩):

بە یاسا دەبێت، ئەنجومەنی وڵات دامەزرێت، کە تایبەتە بە وەزیفەکانی دادگای ئیداری و، فتوا لەسەردان و داڕشتن و نوێنەرایەتی دەوڵەت و سەرتاپای دەستەکانی گشتی لە بەرامبەر لایەنەکانی دادوەری، تەنیا ئەوانەی بە یاسا ئیستسنا دەکرێت.

بەشی چوارەم

دەستەکانی سەربەخۆ

ماددەی (١٠٠):

کۆمیسیۆنی باڵای مافی مرۆڤ و کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان و دەستەی پاک و بێگەردی، دەستەکانی سەربەخۆ دەکەونە ژێر چاودێری ئەنجومەنی نوێنەران و ئیشەکانیان بە یاسا ڕێک دەخرێت.

ماددەی (١٠١):

یەکەم: هەریەک لە بانکی ناوەندی عێراقی، دیوانی چاودێری دارایی و، دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان و دیوانی ئەوقاف، دەستەکانی سەربەخۆی دارایی و کارگێڕی و، یاسا ئیشەکانی ئەمانە ڕێک دەخات.

دووەم: بانکی ناوەندی عێراقی بەرپرسە لە بەرامبەر ئەنجومەنی نوێنەران و، دیوانی چاودێری دارایی و دەستەی ڕاگەیاندن و پەیوەندییەکان پەیوەستن بە ئەنجومەنی نوێنەران.

سێیەم: دیوانەکانی ئەوقاف پەیوەندییان بە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هەیە.

ماددەی (١٠٢):

دەستەیەک بەناوی دەزگای شەهید دادەمەزرێت و سەر بە ئەنجومەنی وەزیران دەبێت ئیشەکانی و تایبەتمەندییەکانی بە یاسا ڕێک دەخرێت.

ماددەی (١٠٣):

دەستەیەکی گشتی بۆ دابینکردنی مافی هەرێمەکان و پارێزگاکانی دادەمەزرێت بۆ ڕێکخستنی دامودەزگاکانی دەوڵەتی فیدراڵی جیاواز و شاندەکان و زماڵەتەکانی خوێندن و شاندەکان و کۆنگرەکانی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ئەمەش لە نوێنەرانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکانی تا ئێستا ڕێکنەخراوە لە هەرێمەکان پێک دێت و بە یاسا ڕێک دەخرێت.

ماددەی (١٠٤):

بە یاسا دەستەیەکی گشتی بۆ چاودێری کردن و تەرخانکردنی داهاتەکانی فیدراڵی دادەمەزرێ و دەستەکە پێک دێت لە شارەزایانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان و پارێزگاکان و نوێنەرەکانیان و ئەم بەرپرسایەتییەی خوارەوە یان دەبێت:

یەکەم: لێکۆڵینەوە لە دادپەروەریەتی دابەشکردنی منحە و هاوکارییەکان و قەرزە نێودەوڵەتییەکان بەپێی مافی هەرێمەکان و پارێزگاکانی ڕێکنەخراوە لە هەرێمێکدا.

دووەم: لێکۆڵینەوە لە بەکارهێنانێکی نموونەیی بۆ داهاتەکانی دارایی فیدراڵی و دابەشکردنیان.

سێیەم: دابینکردنی شەفافیەت و دادپەروەری دەبێت هەبێت لەکاتی تەرخانکردنی دارایی حکومەتەکانی هەرێمەکان، یان پارێزگاکان بەپێی ڕێژەی بڕیار لەسەر دراو.

ماددەی (١٠٥):

دامەزراندنی ئەنجومەنێک بەناوی ئەنجومەنی خزمەتگوزاری گشتی فیدراڵی بۆ ڕێکخستنی کاروباری وەزیفەی گشتی فیدراڵی بە دامەزراندن و بەرزکردنەوە و، پێکهاتە و تایبەتمەندییەکانی بەیاسا ڕێکدەخرێت.

ماددەی (١٠٦):

دامەزراندنی دەستەی سەربەخۆی دیکە بەپێی پێویست و زەرورەتەوە بە یاسا.

بەشی چوارەم:

تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتەکانی فیدراڵی

ماددەی (١٠٧):

دەسەڵاتەکانی فیدراڵی پارێزگاری لە یەکێتی عێراق و سەلامەتی و سەربەخۆیی و سەروەری و پەیڕەوی دیموکراسی فیدراڵی دەکات.

ماددەی(١٠٨):

دەسەڵاتەکانی فیدراڵی لەم تایبەتمەندییانەی خوارەوەی چڕ دەبێتەوە:

یەکەم: وێناکردنی سیاسەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی دبلۆماسی و دانووستاندن سەبارەت بە پەیماننامەکان و ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتەکانی قەرزدان ئیمزاکردن لەسەری و وێناکردنی سیاسەتی ئابووری و بازرگانی دەرەکی سەروەری.

دووەم: دانانی سیاسەتی ئەمنی نیشتمانی و جێبەجێکردنی، بە دامەزراندنی هێزە چەکدارەکان و بەڕێوەبردنیان بۆ دابینکردنی پارێزگاری ئاسایشی سنووری عێراق و بەرگریکردن لێی.

سێیەم: وێناکردنی سیاسەتی دارایی و گومرگی و دەرکردنی دراو و ڕێکخستنی سیاسەتی بازرگانی لەڕێی سنووری هەرێمەکان و پارێزگاکان لە عێراق و دانانی بودجەیەکی گشتی بۆ دەوڵەت و وێناکردنی سیاسەتی نەختینە و دامەزراندنی بانکێکی ناوەندی و بەڕێوەبردنی.

چوارەم: ڕێکخستنی کاروباری پێوانەیی و پێوانەکان و کێشەکان.

پێنجەم: ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامە و ناسنامە و نیشتەجێکردن و مافی پەنابەری سیاسیی.

شەشەم: ڕێکخستنی سیاسەتی پۆستە و گەیاندن.

حەوتەم: دانانی پرۆژەی هاوسەنگی گشتی وەبەرهێنان.

هەشتەم: نەخشەکێشانی سیاسەتەکانی پەیوەستە بە سەرچاوەکانی ئاو لە دەرەوەی عێراق و دابینکردنی هێنانی ئاو بۆ ناو عێراق، بە پێی یاساکان وداب و نەریتە نێودەوڵەتییەکان.

نۆیەم: ئامار و سەرژمێری کردنی گشتی دانیشتوان.

ماددەی (١٠٩):

نەوت و غاز موڵکی هەموو میللەتانی عێراقن لە هەموو هەرێمەکان، یان پارێزگاکان.

ماددەی(١١٠):
یەکەم: حکوومەتی فیدارلی نەوت و غازی دەرهێنراو لە کێڵگەکانی ئێستا لەگەڵ حکوومەتەکانی هەرێمەکان و پارێزگاکانی بەرهەم هێنا بەڕێوە دەبات لەسەر ئەوەی داهاتەکان بەشێوەیەکی، ئینسافی تێدا هەبێت و لەگەڵ دابەشکردنی دانشتوان بگونجێت لەسەرانسەری وڵات، لەگەڵ دیاریکردنی بەشێک بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەرێمەکانی زەرەرمەند بوونە و بەشێوەیەکی نارەوا لەلایەن ڕژێمی پێشووەوە لێی بێبەش بوون بۆ ئەوەی گەشە بکەن و بگەنە ناوچە جیاوازەکانی دیکەی وڵات و ئەمەش بەیاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: حکوومەتی فیدارلی و حکوومەتەکانی هەرێم و پارێزگاکانی بەرهەم هێن و وێنای سیاسەتی ئیستراتیژی پێویست دەکێشن بۆ پەرەپێدانی سامانی نەوت و غاز بۆ ئەوەی بەرزترین سود بە گەلی عێراق بگەیەنێت بە پشت بەستن بە نوێترین هونەرکارییەکانی بنەمای بازاڕ و هاندانی وەبەرهێنان.
ئەوەی لە تایبەتمەندییەکان نەهاتووە بۆ دەسەڵاتەکانی فیدراڵی لە دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان دەسەڵاتی دیکەی هاوبەش لە نێوان حکوومەتی فیدراڵی و هەرێمەکان دەبێت، لە حاڵەتی پێچەوانەوە ئەولەویەت بۆ یاسای هەرێم دەبێت.
ماددەی (١١٢):
تایبەتمەندییەکانی خوارەوە هاوبەش دەبێت لە نێوان دەسەڵاتەکانی فیدراڵی و دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان:
یەکەم: بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی گومرگ بە تەنسیق کردنی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمەکان و بە یاسا ڕێکدەخرێت.
دووەم: ڕێکخستنی سەرچاوەکانی وزەی کارەبای سەرەکی و دابەشکردنیان.
سێیەم: وێناکردنی سیاسەتی ژینگەیی بۆ دابینکردنی پارێزگاری کردنی ژینگە لە پیسبوون و پارێزگاریکردن لەسەر پاک و خاوێنی بە هاوکاری لەگەڵ هەرێمەکان.
چوارەم: وێنا کردنی سیاسەتەکانی پەرەپێدان و نەخشەکێشانی گشتی.
پێنجەم: وێناکردنی سیاسەتی تەندروستی گشتی بە هاوکاریکردن لەگەڵ هەرێمەکان.
شەشەم: وێناکردنی سیاسەتی فێرکاری و پەروەردەیی گشتی بەڕاوێژکردن لەگەڵ هەرێمەکان.

## بەشی پێنجەم
## دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان

ماددەی (١١٣):
سیستەمی فیدراڵی لە کۆماری عێراق پێک دێت لە پایتەخت و هەرێمەکان و پارێزگاکانی نامەرکەزی و ئیدارە خۆ جێییەکان.
ماددەی(١١٤):
یەکەم: هەرێمەکان لە پارێزگایەک، یان زیاتر پێک دێت و، دوو هەرێم، یان زیاتر مافی ئەوەیان هەیە، لە هەرێمێکدا خۆیان ڕێک بخەن.
دووەم: پارێزگایەک، یان زیاتر مافی ئەوەی هەیە هەرێمێک پێک بێنێت بەپێی داواکاری ڕیفراندۆمێک لەسەری بە یەک لەم دوو ڕێگایە:
آ – داواکارییەک لەلایەن سێ یەکی ئەندامانی هەموو ئەنجوومەنێک لە ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان پێشکەش بکرێت، کە داوای پێکهێنانی هەرێمێک دەکەن.
ب– داوایەک لەلایەن لە ١٠٪ دەنگدەرەکانی پارێزگاکان پێشکەش بکرێت، کە داوای پێکهێنانی هەرێمێک دەکەن.
سێیەم:
آ– ڕیفراندۆمی گشتی لەلایەن دانیشتوانی پارێزگاکانی پەیوەندار دەربارەی ئەوەی لە بەندی(یەکەم)ەی ئەم ماددەیە هاتووە و، ڕیفرادۆمەکە لە ماوەی خولی ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان دەبێت و ڕیفراندۆمەکە بە ڕەزامەندی زۆربەی دەنگدەران سەرکەوتن بە دەست دێنێت.
ب–ڕیفراندۆمەکە جارێکی دیکە دووبارە ناکرێتەوە، تەنیا ئەو کاتە نەبێت، کە سێ یەکی ئەندامانی هەموو ئەنجوومەنێک لە ئەنجوومەنەکانی پارێزگاکان، یان چواریەکی دانیشتوانی پارێزگاکانی پەیوەندیدار بە داواکاری دووبارە ڕیفراندۆم کردنەوە دەکەن.
ماددەی(١١٥):
دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری پێک دێت.
ماددەی(١١٦):
یەکەم: حکوومەتەکانی هەرێمەکان مافی پەیڕەوکردنی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەریان هەیە بەپێی ئەم دەستوورە جگە لەوانەی لە تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتەکانی فیدارڵی هاتووە.
دووەم: دەسەڵاتی هەرێم مافی هەموارکردنی پەیڕەوکردنی یاسای فیدارلی لە هەرێم هەیە لە حاڵەتی بوونی هاودژییەک لەنێوان یاسای فیدراڵی و یاسای هەرێم سەبارەت بەو مەسەلەیەی ناچێتە خانەی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتەکانی فیدراڵییەوە.
سێیەم: دەکرێ دەسەڵاتەکانی، کە لە لایەن حکوومەتی فیدراڵی پەیڕەو دەکرێت بدرێتە حکوومەتەکانی هەرێمەکان و بەپێچەوانەوە بە ڕەزامەندی هەردوو حکوومەت.
چوارەم: بەشێکی دادوەرانە لە داهاتەکانی بەدەست حکوومەتی فیدراڵی کەوتووە بۆ هەرێمەکان تەرخان دەکرێت، کە بەشی بار وئەرکەکانی بکات لەگەڵ ڕەچاوکردنی داهاتەکانی و پێویستیەکانی.
پێنجەم: نووسینگە بۆ هەرێمەکان و پارێزگاکان لە باڵیۆزخانەکان و شاندە دبلۆماسییەکانی سەر بەکاروباری ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی خۆجێی دادەمەزرێت.

## بەشی یەکەم
## دەسەڵاتی یاسادانان بۆ هەرێم

ماددەی (١١٧)
دەسەڵاتی یاسادانان بۆ هەرێم لە یەک ئەنجوومەن پێک دێت بەناوی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ هەرێم

ماددەی (١١٨):
ئەندامانی ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم لەلایەن دانیشتوانی هەرێمەکەوە هەڵدەبژێردرێت بە هەڵبژاردنێکی گشتی نهێنی ڕاستەوخۆ.
ماددەی(١١٩):
یەکەم: ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم دەستووری هەرێم دادەنێت و یاساکان دادەنێت ، بە مەرجێک لەگەڵ دەستوور و یاساکانی فیدارلی یەکترگیر نەبێت.
دووەم: دەستووری هەرێم بە دانیشتوانی هەرێم پێشان دەدرێت بۆ ریفراندۆم کردن لە سەری و پاش ڕەزامەندی دانیشتوانی هەرێم لەسەری بە زۆرینەی دەنگ و بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی، کاری پێ دەکرێت.

**بەشی دووەم**

**دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێم**

ماددەی (١٢٠):
دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێم لە سەرۆکی هەرێم و، ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم پێک دێت.
ماددەی(١٢١):
دەسەڵاتی جێبەجێکردنی هەرێم هەموو دەسەڵاتەکانی تەخویلی کراوە پەیرەو دەکات بەپێی دەستووری هەرێم، کە لەگەڵ ئەم دەستوورە یەکترگیر نەبێت.
یەکەم: سەرۆکی هەرێم.
ماددەی(١٢٢):
سەرۆکی هەرێم سەرۆکی جێبەجێکردنی باڵایە لە هەرێم.
ماددەی (١٢٣):
سەرۆکی هەرێم بەپێی دەستووری هەرێم هەڵدەبژێردرێت.
ماددەی(١٢٤):
دەستووری هەرێم دەسەڵاتەکانی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتەکانی بریاری لەسەر دراوە بۆ دەستەکانی دەستووری هەرێمایەتی ڕێکدەخرێت، کە لەگەڵ ئەم دەستوورە یەکترگیر نەبێت.
دووەم: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم.
ماددەی (١٢٥):
ئەنجوومەنی وەزیران دەستەی جێبەجێکردنی باڵایە لە هەرێم، دەسەڵاتەکانی لە ژێر سەرپەرشتی و ئاراستەکردنی سەرۆکی هەرێم پەیرەو دەکات.
ماددەی (١٢٦) ئەنجوومەنی وەزیران لە سەرۆکی ئەنجوومەن و ژمارەیەک لە وەزیران پێک دێت بەو پێیەی دەستووری هەرێم دیاری دەکات.
ماددەی(١٢٧):
ئەنجوومەنی وەزیران دەسەڵاتەکانی تەخویلی کراوە پەیرەو دەکات بەپێی دەستووری هەرێم.
ماددەی (١٢٨):
یەکەم: داهاتەکانی هەرێم لە بەشی بریار لەسەر دراو لە بودجەی گشتی وڵات و داهاتی خۆجێیەکانی هەرێم پێک دێت.
دووەم: ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم هەڵدەستی بە ئامادەکردنی بودجەیەکی ساڵانە بۆ هەرێم و هەژماری کۆتایی و یاسایەکی لە ئەنجوومەنی نیشتمانی هەرێم پێی دەردەکات و ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێم هەڵدەستێ بە تەسلیمکردنی دانەیەک لە بودجەی گشتی هەرێم و هەژماری کۆتایی بە وەزارەتی دارایی فیدراڵی پاش پەسندکردنی ئەنجوومەنی نیشتمانی لەسەریان.
ماددەی(١٢٩):
حکومەتی هەرێم هەموو داواکارییەکانی ئیدارەی هەرێم و بەشێوەیەکی تایبەتی دامەزراندن و ڕێکخستنی هێزی ئەمنی ناوخۆی هەرێم وەک پۆلیس و ئاسایش و پاسەوانی هەرێم بۆ هەرێم تەرخان دەکات.

**بەشی سێیەم**

**دەسەڵاتی دادوەری هەرێم**

ماددەی(١٣٠):
دەسەڵاتی دادوەری هەرێم لە ئەنجوومەنی دادوەری هەرێم و دادگاکان و فەرمانگەکانی داواکاری گشتی پێک دێت و دادگەی تێهەڵچوونەوەی بالاترین دەسەلات دەبێت تیایدا.
ماددەی(١٣١):
بە یاسای دەسەڵاتی دادگایی هەرێم هەموو جۆرەها دادگا و پلەکانی و تایبەتمەندییەکانی لەسەر ئەوەی لەگەڵ ئەم دەستووره یەکتر گیر نەبێت.

بەشی چوارەم

ماددەی(١٣٢):
یەکەم: پارێزگاکان لە ژمارەیەک قەزا و ناحییە و گوند پێک دێن.
دووەم: پارێزگاکانی، کە لە هەرێم ڕێک نەخراون دەسەڵاتەکانی ئیداری و دارایی فرەوانیان پێ دەدرێت لەلایەن خودی ئیدارەکەوە بەپێی بنەمای نامەرگەزی ئیداری و ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت.
سێیەم: پارێزگار کە لە لایەن ئەنجوومەنی پارێزگاوە هەڵدەبژێردرێت و سەرۆکی جێبەجێکەری باڵایە لە پارێزگا و دەسەڵاتەکەی کە لەلایەن ئەنجوومەنەوە پێی دراوە پەیرەو دەکات، دەسەڵاتی پێدەدرێت. چوارەم: بە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگار و دەسەڵاتەکانیان ڕێک دەخرێت.
پێنجەم: ئەنجوومەنی پارێزگا ناچێتە ژێر ڕکێفی هیچ دەسەڵاتێک، یان سەرپەرشتی هەر وەزارەتێک، یان هەر لایەنێکی ناپەیوەندیدار بە وەزارەتێک و داراییەکی سەربەخۆی هەیە.
ماددەی(١٣٣):
دەسەڵاتەکانی حکومەتی فیدراڵی دەبێت فەراهەم بکرێت بۆ پارێزگاکان، یان بە پێچەوانەوە و بە ڕەزامەندی هەردوولا ئەمەش بە یاسا ڕێک دەخرێت.

**بەشی پێنجەم**

**پایتەخت**

ماددەی(١٣٤):
بەغداد بە سنووری شارەوانییەوە پایتەختی کۆماری عێراقەو، نوێنەرایەتی ئیدارەی پارێزگای بەغدا دەکات و، ڕەوشی پایتەخت بە یاسا ڕێک دەخرێت.

**بەشی شەشەم**

بەڕێوەبەرایەتییەکانی خۆجێی

مادده(١٣٥):
ئەم دەستوورە مافی کارگێری و سیاسی و رۆشنبیری و فێرکاری بۆ نەتەوە جیاجیاکانی وەک تورکمان و کلدان و ئاشوورییەکان و تەواوی پێکهاتەکانی دیکە بەپێی یاسا دابین دەکات.

**بابی شەشەم**

**حوکمەکانی کۆتایی و گواستنەوە**

**بەشی یەکەم**

**حوکمەکانی کۆتایی**

ماددەی (١٣٦):
یەکەم: سەرۆک کۆمار و ئەنجوومەنی وەزیران پێکەوە، یان پێنج یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانن پێشنیاری هەموارکردنی دەستوور بکەن.
دووەم: نابێت بنەما سەرەکییەکانی، کە لە بابی یەکەمی دەستوور هاتووە هەموار بکرێت، تەنیا پاش دوو خول هەڵبژاردنی لە دوای یەک دەبێت و ئەویش بە ڕەزامەندی سێ یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری و لەگەڵ ڕەزامەندی گەل بە ریفراندۆمی گشتی و سەرۆک کۆمار لەماوەی حەوت ڕۆژ پەسندی بکات.
سێیەم:
نابێت ئەم ماددانەی ، کەدانی پێدا نەنراوە لە بەندی دووەم لەو ماددەیە هەموار بکرێت تەنیا پاش ڕەزامەندی سێ یەکی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و ڕەزامەندی گەل بە ریفراندۆمی گشتی و پەسند کردنی سەرۆکی کۆمار لە ماوەی حەوت ڕۆژ لە سەری.
چوارەم: نابێت ڕێکاری هیچ هەموار کردنێک لەسەر ماددەکانی دەستوور بکرێت، کە لە دەسەڵاتەکانی هەرێمەکان کەم دەکاتەوە تەنیا بە ڕەزامەندی دەسەڵاتی یاسادانانی هەرێمی پەیوەندیدار و ڕەزامەندی زۆرینەی دانیشتوانەکەی نەبێت بە ریفراندۆمی گشتی.
پێنجەم: هەموارکردنە کە لە مێژووی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمییەوە بەکار دێت.
ماددەی(١٣٧):
نابێت سەرۆکی کۆمار و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و جێگرەکانی و ئەندامەکانی و ئەندامانی دەسەڵاتی دادگایی و خاوەن پلە تایبەتەکان ئیستغلالی دەسەڵاتەکانیان بکەن بۆ کڕین، یان بەکرێگرتنی شتێک لە ماڵی دەوڵەت، یان بەکرێ بگرن، یان شتێکی پێی بفرۆشن لە سامانەکانیان، یان لەسەری وەربگرن، یان گرێبەندێک لەگەڵ دەوڵەت مۆر بکەن بە سیفەتی پابەند بوون، یان موردین ، یان بەڵێندەر.
ماددەی(١٣٨):
یاساکان و حوکمەکانی دادگایی بەناوی گەلەوە دەردەچێت.
ماددەی (١٣٩):
یاساکان لە ڕۆژنامەی ڕەسمی بڵاو دەکرێنەوە و، لە مێژووی بڵاوکردنەوەیەوە، کاری پێ دەکرێت، ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە نەبێت.
ماددەی ( ١٤٠):
یاساکان بەکار پێکراوی دەمێنێتەوە، ئەگەر ڕەت نەکرێتەوە، یان هەموار نەکرێت بە پێی حوکمەکان ئەم دەستوورە.
ماددەی(١٤١):
هەر ریفراندۆمێک لەم دەستوورە هاتووە ڕاست دەبێت بە زۆرینەیەکی سادەی دەنگدەران ئەگەر بە پێچەوانەی ئەمە نەبێت.

**بەشی دووەم**

**حوکمەکانی گواستنەوە**

ماددەی (١٤٢):
یەکەم: دەوڵەت چاودێری زیندانە سیاسییەکان و زەرەرمەندانی کردە توند ڕەوییەکانی ڕژێمی دکاتۆری پێشوو دەکات.
دووەم: دەوڵەت قەرەبووی دیلە شەهیدەکان و بریندارەکانی دەستی کردارە تیرۆریستییەکان دەکات.
سێیەم. ئەوەی لەم دووبەندە هاتووە بە ماددەی یاسایی ڕێکدەخرێت.
ماددەی(١٤٣):
ئەنجوومەنی نوێنەران لە یەکەم دانیشتنی پشت بە پەیڕەوی ناو خۆی کۆمەڵەی نیشتمانی دەبەستێت، هەتا بڕیار لەسەر پەیڕەوێکی ناوخۆی دەدات.
ماددەی(١٤٤):
دادگای تاوانی عێراقی باڵا بە سیفەتی دەستەیەکی دادوەری سەربەخۆ بەردەوام دەبێت لە چاوخشاندن بە تاوانەکانی حوکمی دکتاتۆری پێشوو و هێماکانی و ئەنجوومەنی نوێنەران پاش تەواو بوونی کارەکانی دەتوانێت بە یاسا ڕەتی بکاتەوە.
ماددەی(١٤٥):
یەکەم: دەستەی نیشتمانی باڵا بۆ ریشەکێشکردنی بەعس لەکارەکانی بەردەوام دەبێت بە سیفەتی ئەوەی دەستەیەکی سەربەخۆیە و بە تەنسیق لەگەڵ دەسەڵاتی دادگایی و دامودەزگا جێبەجێکەرەکان لە چوارچێوەی ئەو یاسایانەی ڕێکخراوە بۆ کارەکانی و پەیوەندی ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەبێت.
دووەم: ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانێت ئەو دەستەیە هەڵبوەشێنێتەوە پاش تەواوبوونی ئەرکەکەی بە زۆرینەی سێ یەکی ئەندامەکانی .
سێیەم: ئەوەی خۆی دەپاڵێوێت بۆ پایەی سەرۆک کۆمار و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی وەزیران و سەرۆک و ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران و سەرۆک ئەندامانی ئەنجوومەنی فیدراڵی و پێگە هاوشێوکانی هەرێم ئەندامانی دەستەکانی دادگایی و پلە و پایەکانی دیکە دەبێت ریشەکێشکردنی بەعسی نەیگرێتەوە بە پێی یاسا دەبێت حوکمەکانی ریشەکێشکردنی بەعس نەیگرێتەوە.
چوارەم: ئیش بەو مەرجانەی سەرەوە دەکرێت لە برگەی(سێیەم)ی ئەم ماددەیە، ئەگەر یاسا ڕەتینەکاتەوە.
ماددەی (١٤٦):
یەکەم: دەستە داواکارییەکانی موڵکایەتی بەو سیفەتەی دەستەیەکی سەربەخۆیە و بەتەنسیق کردن لەگەڵ دەسەڵاتی دادگایی و دامودەزگاکانی جێبەجێکەر بەپێی یاسا بەردەوام دەبێت و بە ئەنجوومەنی نوێنەرانەوە دەبەسترێتەوە.
دووەم: ئەنجوومەنی نوێنەران بەزۆرینەی سێ یەکی ئەندامەکانی

دەتوانێت دەستەکە هەڵبوەشێنێتەوە.

ماددەی (١٤٧):

کارکردن بە حوکمەکانی ماددەی تایبەت بە ئەنجوومەنی فیدراڵی لە هەر جێیەکی هەبێت لەم دەستوورە دوا دەخرێت هەتا دەرچوونی بڕیارێک لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی خولی هەڵبژاردنی دووەم، کە دەبەسترێت پاش بەکارهێنانی ئەم دەستوورە.

ماددەی (١٤٨):

یەکەم: دەستەواژەی (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) جێی دەستەواژەی (سەرۆک کۆمار) دەگرێتەوە لە هەرجێیەکی بەرچاو بکەوێت لەم دەستوورە و کارکردن بە حوکمەکانی تایبەت بەسەرۆک کۆمار دەگەڕێتەوە پاش یەک خولی دادێت لە بەکارهێنانی ئەم دەستوورە.

دووەم:

أ- ئەنجوومەنی نوێنەران سەرۆکی دەوڵەت و جێگرەکانی هەڵدەبژێرێت و ئەوانیش ئەنجوومەنێک بەناوی (ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی) دادەنێن و بە یەک لیست و بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی هەڵدەبژێردرێن.

ب- ڕۆیشتنی حوکمەکانی بە لابردنی سەرۆک کۆمار، کە لەم دەستوورە هاتووە لەسەر سەرۆک و ئەندامانی دەستەی سەرۆکایەتیش دەگرێتەوە.

ج- ئەنجوومەنی نوێنەران دەتوانێت هەر ئەندامێک لە ئەندامەکانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بە زۆرینەی سێ لەسەر چواری ئەندامانی دەربڕ بکاتەوە بەهۆی بێ توانایی، یان ناپاکی.

د. لە حاڵەتی بوونی بۆشایی لە هەر پلەیەک ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی نوێنەران بە سێ یەکی ئەندامانی لە جیاتیدا هەڵدەبژێرێت.

سێیەم: ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ئەو مەرجانەیان لەسەر دەسەپێت، کە لەسەر ئەندامێکی ئەنجوومەنی نوێنەران دەسەپێت لەسەر ئەوەی:

أ- چل ساڵی لە تەمەنی تەواو کردبێت.

ب- ناوێکی باشی هەبێت و نییەتی باش بێت و سەقامگیر بێت.

ج- حزبی هەڵوەشاوەی بە دە ساڵ بەر لە ڕووخاندنی بەجێ هێشتبێت، ئەگەر ئەندام بووبێت تیایدا.

د. بەشداری لەسەرکوتکردنی ساڵی ١٩٩١ و ئەنفالی نەکردبێت و هیچ تاوانێکی دەرهەق بە گەلی عێراقی ئەنجام نەدابێت.

چوارەم: ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بە کۆی دەنگ بڕیارەکانی وەردەگرێت هەر ئەندامێک دەتوانێت لە جیاتی یەک لە دوو ئەندامەکانی دیکە بێت.

پێنجەم:

أ- یاساکان و بڕیارەکانی کە ئەنجوومەنی نوێنەران دەریدەکات دەنێردرێت بۆ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی بە مەبەستی ڕەزامەندی دەربڕین لەسەری بە کۆی دەنگ و لە ماوەی دە ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنییەوە دەردەچێت.

ب- لە حاڵەتێک ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ڕەزامەندی لەسەر دەرنەبڕێ، یاساکان و بڕیارەکان بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران دەگەڕێتەوە بۆ چاوخشاندنەوە بەو لایەنانەی ئیعترازیان لەسەر هەبووە بۆ دەنگدان لەسەری بە زۆرینە و دووبارە بۆ ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ڕەوانە دەکرێتەوە بە مەبەستی ڕەزامەندی وەرگرتن لەسەری.

ج: لە حاڵەتێکدا بۆ جاری دووەم ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی ڕەزامەندی لەسەر یاساکان و بڕیارەکان وەرنەگرێت لەماوەی (١٠) ڕۆژ لە گەیشتنی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، کە دەتوانێت بە زۆرینە سێ لەسەر پێنجی ژمارەی ئەندامانی بڕیاری لەسەر بدات، قابیلی نارەزایی نییە و پەسند دەکرێت.

شەشەم: ئەنجوومەنی سەرۆکایەتی دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار، کە لە دەقەکەی ناو دەستوور هاتووە پەیڕەو دەکات. هەتا بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری دەردەچێت لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە.

ماددەی (١٤٩):

یەکەم: دەسەڵاتی جێبەجێکار هەنگاوی پێویست داوێت بۆ تەواوکردنی جێبەجێکردنی داواکارییەکانی ماددەی (٥٨) بەهەموو برگەکانییەوە لە یاساکانی ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە بە هەموو برگەکانییەوە.

دووەم: ئەو بەرپرسیتییەی دەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتی جێبەجێکەر لە حکومەتی گواستنەوە و لە دەقەکەدا هاتووە لە ماددەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە درێژ دەبێتەوە و بەردەوام دەبێت بۆ دەسەڵاتی جێبەجێکەر بۆ ئەوەی بە تەواوی جێبەجێ بکرێت (ئاسایی کردنەوە، ئامار و ریفراندۆم لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکەی دوو بەرەکی لەسەر هەیە بۆ دیاریکردنی ویستی هاووڵاتییەکانی) لەماوەیەک زۆرییەکەی ٢٠٠٧/١٢/٣١ -ە.

ماددەی (١٥٠):

ئیش بەو یاسایانە دەکرێت، کە لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی ١٩٩٢وە دانراون و بڕیارەکانی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوونە، بە بڕیارەکانی دادگاکان و گرێبەندەکان، کاری پێدەکرێت، ئەگەر هەموار نەکرێت، یان ڕەتنەکرێتەوە بەپێی یاساکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن لایەنی پەیوەندارەوە، ئەگەر پێچەوانەی دەستوور نەبێت.

ماددەی (١٥١):

ڕێژەیەک لە کورسییەکان، کە کەمتر نەبێت لە ٢٥٪ تەرخاندەکرێت بۆ بەشداریکردنی ئافرەت لە ئەنجوومەنی نوێنەران.

ماددەی (١٥٢):

یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی گواستنەوە و پاشکۆکەی ڕەتدەکرێتەوە لەکاتی دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ، جگە لەوەی هاتووە لە برگەی (أ) لە ماددەی (٥٣) و ماددەی (٥٨) لە یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوە.

ماددەی (١٥٣):

ئەم دەستوورە پاش ڕەزامەندی گەل لەسەری لە ڕێگەی ریفراندۆمی گشتی و بڵاوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمی و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران لەسەری، کاری پێدەکرێت.